# دۆناودۆنی ڕۆحە مەزن و پیرۆزەکان لە نێو ئایینی یارسان (کاکەیی)دا.

**د. زریان جیزنی مەحمەد**
بەشی کۆمەڵناسی/کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەددین
Zrian.mohammed@su.edu.krd

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە ڕۆحە مەزنە پیرۆزەکان لە ئایینی یارسان (کاکەیی) دا و ناسینەوەیان لە ڕێگای کەلام و تێکستە پیرۆزەکانیانی یارسان و فەلسەفەی دۆنای دۆن. فەلسەفەی دۆنای دۆن کێل و گەوهەری ئایینی یارسانە (گواستنەوەی ڕۆحەکان لە قاڵبێک بۆ قاڵبێکی تر یان سورانەوەی ڕۆحی مرۆڤ) دۆنای دۆن سەرەتا و بناغەی زۆربەی ئایین و فەلسەفەکانە. ئایینە دێرینەکانی ڕۆژهەڵاتی بەر لە ئیسلام لەسەر دۆنای دۆن دامەزراون، وەک (میترایی، زەردەشتی، زەروانی، بودایی...هتد).

بڕوادارانی ئایینی یارسان بە پێی فەلسەفەی دۆنای دۆنی ئایینەکەیان، ڕۆحە مەزنەکان دەناسنەوە و لایان پیرۆز بە هی خۆیان دەزانن. ئەگەرچی بەشێک لە ڕۆحە مەزن و پیرۆزەکان ڕۆڵ و پێگەیان هەبووە لە دەرەوەی جوگرافیای کوردستان و ئایینی یارساندا.

لەم توێژینەوەیەدا چەند نموونەیەکمان لە ڕۆحە مەزن و پیرۆز و ناسراوەکانی ئایینی یارسان وەرگرتووە، کە لە تێکستەکانی سەرەنجامی پیرۆزدا هاتووە. هەر بە پێی ڕاڤەکاری تێکستە پیرۆزەکانی سەرەنجام دۆنەکان دەناسینەوە و بەراوردیان دەکەین کە چ ڕۆڵ و پێگەیەکیان هەبووە لە کاتی خۆیدا (دۆن و دەورەی تردا)، کە دەکەونە دەرەوەی جوگرافیای کوردستان و ئایینی یارسان.

**وشە سەرەکییەکان:** دۆنای دۆن، ڕۆحە مەزنەکان، ئایینی یارسان، ڕابەر، دەورە.

**پێشەکی :**

ئایینی یارسان هەڵگری چەندان توخمی کولتوری بەهادار و دێرینە. ئەم توخمە کولتورییانە شایەنی گرنگی پێدان و توێژینەوە و ڕاڤەکاری و ساغکردنەوەن. کارکردن لەسەر توخمە کولتورییەکان سنوری ئاگاییمان فراونتر و قوڵتر دەکەن لەربارەی بەهاو کاریگەری ئەم توخمە کولتورییانە لە شێوازی بیرکردنەوە و تاکی کورد. ڕۆح لە ئایینی یارساندا گرنگی و پیرۆزییەکی زۆری پێدراوە و لە ڕێگای دۆنای دۆنەوە ئاشنامان دەکات بە ڕۆحە پیرۆز و مەزنەکانی مێژوو، لە سنوری دەوڵەتی مادی گەورە و زۆرجاریش ڕۆحە پیرۆزەکان دەکەونە دەرەوەی سنوری کوردستانی مەزن. تێگەیشتن لە فەلسەفەی دۆنای دۆن یارمەتیمان دەدات ڕۆحە پیرۆزەکان بناسینەوە و سەرەنج بدەینە ئەو ڕەگەزە گرنگانەی کە خاوەنداری لە ڕۆحە پیرۆزەکان دەکات بە گشتی وە بە تایبەت ئەو ڕۆحانەشی کە دەکەونە دەرەوەی جوگرافیای کوردستان و ئایینی یارسان. لەم توێژینەوەدا لە ڕێگای تێگەیشتنی قوڵتر لە فەلسەفەی دۆنای دۆن و ڕاڤە کاری تێکستە پیرۆزەکانی ئایینی یارسان، بە گرنگی دەزانین بگەین بە بناغەی هزری فرە ڕەنگی و پێکەوە ژیان و لێبوردەیی، کە هەر یەکە لەم چەمکانە بە دەیان تێکست پشت ڕاستدەکرێنەوە لە ئایینی یارسان.

**کێشەی توێژینەوە:**

لە ڕێگای خوێندنەوە و ڕاڤەکاری تێکستە پیرۆزەکانی ئایینی یارسان کە لە (کتێبی پیرۆزی سەرەنجام) دا هاتووە، ڕۆحە مەزن و پیرۆزەکانی ئایینی یارسان لە ناوەوە و دەرەوەی ئایینەکە تیشکیان بخرێتە سەر و ساغبکرێنەوە، کە لە لای وبڕوادارانی ئایینی یارسان پیرۆزن و بەهی خۆیان دەزانن.

**ئامانجی ئەم توێژینەوەکە:**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە تیشک خستنە سەر فەلسەفەی دۆنای دۆن لە ئایینی یارسان، ناسینەوەی ڕایەڵەی ڕۆحە مەزن و پیرۆزەکان لە ناو ئایینی یارسان و لەسەردەم و سەرزەمینە جیاجیاکانی دنیادا، کە ڕۆڵ و

پێگەی جیاوازیان لە مێژوودا هەیە.

تێگەیشتن لە دۆنای دۆن و ناسینەوەی ڕۆحەکان (ڕۆحە مەزنەکان)، دنیابینیی ئایینی یارسان دەخاتە ڕوو پەیوەست بە فرە ڕەنگی و لێبوردەیی.

**بایەخی ئەم توێژینەوە:**

بۆ گەوهەری بابەتەکە لە ئایینی یارسان و ناساندنی ڕۆحە مەزنەکان لە دۆن و شوێن و کاتی جیاوازی تردا، ئەمەش بوارێکی نوێ و تازەیە.

بە یارمەتی خوێندنەوە و شیکاری کەلام و تێکستە پیرۆزەکانی ئایینی یارسان ، فەلسەفەی دۆنای دۆن بەستراوەتەوە بە فرە ڕەنگی و لێبوردەییەوە، گرنگی توێژینەوەکە لەوەدا چڕ دەبێتەوە و کە تیشک دەخاتە سەر ڕایەڵەی ڕۆحە مەزن و پیرۆزەکان لە ناو ئایینی یارساندا بە پێی تێکستە پیرۆزەکانی ئایینەکە، کە چەندان ڕۆحی مەزن و پیرۆز لە دۆنی جیاوازدا لە سەرزەمین و سەردەمی جیاوازدا ڕۆڵ و پێگەی تایبەتی خۆیان هەبووە .

**میتۆدی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بەستراوە بە میتۆدی ئەنسرۆپۆلۆجی، ئەمەش میتۆدی تێگەیشتنی خودی، کە بە میتۆدی مەعریفەش دەناسرێت، ئەم میتۆدە جەخت دەکاتە سەر تێگەیشتن لە بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگایەکی دیارکراو لەربارەی دنیابینینیان ڕەنگدانەوەکانی لەسەر کۆمەڵگە و تاکەکانی تر چین. ئەم میتۆدە وا دادەنێت ئەم کۆمەڵگایە دیارکراوە سستەمێکی مەعریفی هاوبەشیان هەیە.

**گریمانەی توێژینەوە:**

ئایینی یارسان خاوەنی گەنجینەیەکی دەوڵەمەندە لە بورای تێکست و دەستنووسەکانیدا، و تاکو ئێستا کێڵگەیەکی بەیارە بۆ توێژینەوە ئەکادیمیەکان بە گشتی وە بەتایبەتی بۆ توێژەرانی زانستی کۆمەڵناسی، ئەنترۆبۆلۆگی ، شوێنەوارناسی. لەم توێژینەوەیەدا مشتێک لە خەرواری ڕۆحە پیرۆزەکانمان وەرگرتووە کە چەندان ڕۆحی مەزن و پیرۆزی تریش لە تێکستەکاندا ماون کە دەکرێ توێژەران لە داهاتوو کاریان لەسەر بکەن.

جگە لە ڕۆحە پیرۆزەکان لە ئایینی یارساندا چەندان توخمی کولتووری گرنگ و پیرۆز هەن وەک (زمانی کوردی، ئاواز و تێکست و موزیکی کوردی(ئامێرە موزیکی کوردییەکان)، جل و بەرگ، شوێنەواری پیرۆزی دێرینی ئایینی کە هەندێکیان بۆ ٥٠٠٠ ساڵ دەگەڕێتەوە.

**کورتەیەک لەسەر ئایینی یارسان:**

ئـــایینێکی کـــۆنی کوردیـــە و ڕەگ و ریشـــەی دەچێتـــەوە ســـەر ئایینـــە یەزدانیـەکانی وەک (میترایـزم، زەرڤانیزم ، مـەزادایی، زەردەشـتیەت...) کـە لـە دێـر زەمانـەوە لـە کوردسـتان پەیدابوونـە و بڵاوبوونەتـەوە، پـەیڕەویان لـێ کراوە. زانایان کوردستان بە گەنجینەی ئایینەکان ناوزەندی دەکەن(ئیزەدی، ٢٠٠٢، ٢٠).

ئەم ئاینە بەچەند ناوێک ناسراوە لەوانە( یارسـان، کاکـەیی، ئـەهلی حـەق، علـی ئیلاهـی،..)، زۆر بیـرو ڕا هەیـە لەسـەر دروسـتببونی ئـەم ئایینـە، بـە پێی بیـرو بـاوەڕیپیرانی یارسـان و تێکسـتەکانی سـەرەنجام لـە ڕۆژی ئەزەلـەوە کاتێک خودا گیانی کرد بە بەری مرۆڤدا ئەم ئایینە هەبووە، بەڵام لە بـەرگێکی نهێنیـدا پـارێزراوە، سـینە بـە سـینە گواسـتراوەتەوە و تاگەیشـتۆتە سـەدەی دووەمـی هیجـری، کـە دەکاتـە ٢١٩ کـۆچی، دەورە بـەدوای دەورە ،پـەیامی زیندووکردنـــەوەی ئـــایینی یارســـان گەشـــەی پێـــدراو بڵاوکرایـــەوە لـــە کوردستان.(بورەکەیی، ١٣١٦، ٢).

لەسـەر دەسـتی سوڵتان سەهاک بەرزنجی لە کۆتاییەکانی سەدەی سیانزە و ســـەرەتای ســـەدەی چـــواردە، ئـــایینی یارســـان ســـەرلەنوێ بنـــەماکانی ڕەنگرێژکراوەتـەوە و ڕێوڕەسـمەکانی دیـاریکراوە، سـولتان سەهاک(شـای هـەورەمان) وەکو مـەزنترین ڕۆحی پیـرۆز و نوێکـەرەوە لـە ئـایینی یارسـان چەسپاوە و ئەمرۆش مەزاری سوڵتان ڕوگەی پیرۆزی یارسانەکانە (مـەزاری پیـرۆزی سـوڵتان دەکەوێتـە سـەر رووبـاری سـیروان لـە گونـدی شـێخان لـە ناوچەی داڵەهۆی هەورەمان)(جیحون ابادی، ١٣١٧، ٤).

د. ڕەشاد میران لـە بـارەی ئـایینی کاکەییـەوە پێی وایـە. بـە هـۆی ئـەوەی کاکەیی خاوەنی سیستەمی تایبەتی دۆگمـا و شـێوەی پەرسـتنی خۆیـانن، دەق

و نووســـراوی پیرۆزیـــان هەیـــە کـــە کۆمەڵـــەی خواوەنـــد و ئەفســـانەی دروستبوونی دونیا، دابونەریت و سروتی جۆراو جۆرەکانی ئایینیان گرتۆتە خۆ دەبێت وەکو ئـایینێکی سـەربەخۆی کوردی سـەیر بکرێت (میران، ٢٠١٧، ٢٠٣).

گرنگترین کتێبی پیرۆزی ئایینی یارسان ناسراوە بە (سـەرەنجامە) کە بریتییە لە کۆمەڵێک تێکستی ئایینی لە سەدەی حەوتـەم و هەشتەمی هیجری نوسـراون، ناوەڕۆکەکـەی بریتییـە لـە بنـەماکانی بیروبـاوەر و ئامۆژگارییـە ئایینیـەکان و پارانـەو و سـروت و ئەفسـانەی ئـایینی بـە زمـانی کـوردی شێوەزاری گۆران نووسراون لە شەش بەش پێک هاتوون کە ئەمانەن، بارگە بارگــە، دەورەی هەفتەوانــە، گلــێم وە کــول و، دەورەی چــل تــەن، دەوەری عابدین و وردە سەرەنجام)(بورەگەیی، ١٣٧٥، ٢٠).

بەشی زۆری پەیرەوانی ئایینی یارسان دەکەونە رۆژهـەڵات و باشوری کوردستان هەروەها لـە باکور و رۆژئاوای کوردستانیش(مینورسکی، ٢٠٠٦، ٥٢).

دۆگمـا سـەرەکییەکانی ئاینەکە جامـە پۆشـی و دۆنـای دۆن و ئەفرانـدنی دنیا وکۆتایی دونیا کە ئەمانە لە سرودە پیرۆزەکانی یارسـان شـیکراوەتەوە کە ئێمە لەم باسەدا بە درێژی باسی لێوە دەکەین.

لــە ئــایینی یارســان ڕێکخســتنی کۆمەڵایــەتی لەســەر بنــەمای ئــایینی دامـەزراوە و پـۆلێن کـراوە واتـا: ئایینەکـە کۆمەڵـەی یارسـانی بـەم شـێوە ڕێکخسـتوە. توێژەکـان لەمانـە پێکهـاتوون: ( پیـر (سـەید) کۆمـەڵێک بنەماڵـەن لەســەر بنــەمای خــوێن تێکــەڵ بــە توێژەکــانی تــر نــابن لــە رووی ژن و ژن خوازییــەوە، وە توێژەکــانی تــر ســەریان پێدەسپێرن(سەرسـپاردن: هــەموو برواداڕێکـی یارسـان لـە ڕێورەسـمێکی پیرۆزدا سەردەسـپێری لـە ژیـانی دا. دەلیل (ڕابەر، مام) توێژێکی تری بڕوادارانی یارسانە لـە ڕێورەسـمی پیرۆزی جەمدا ئەرکی بەشدانی لە ئەستۆیە)، مرود ئەو توێژەیە کە سەردەسپێرێ بە پیر و دەلیل نـاتوانێ لە ڕێگای ژن و ژنخوازیـەوە تێکەڵ بێت لەگەڵ توێژی بنەماڵـەی پیرەکـان و بنەماڵـەی ڕابـەرەکان واتـا چینـی گشـتی (سـەرەنجام، ٢٠٠٧، ٢٨٣).

**دۆنای دۆن:**

یەکێک لە سەرەکیترین پایەکانی ئەم ئایینە بریتییە لە بڕوابوون بە دۆنای دۆن(Metempsychosis)، کە بریتییە لە باوەربوون بە زیندوومانەوەی گیانی مـرۆڤ دوای مردنـی، ڕۆحەکـەی دەچێتـە جەسـتەی مرۆڤێکـی دیکـەوە، کاکەییـەکان ئەمـە بـە کـراس گـۆرین نـاو دەبـەن، واتـا ڕۆح کراسـێک یـان جەستەیەک دەگۆڕێ و دەچێتە کراسێکی یان جەستەیەکی ترەوە کە هەموو مرۆڤێـک دەبێـت (١٠٠١) دۆن بگۆڕێـت، تـاکو پـاک دەبێـت و کامـل دەبێـت، (میـران، ٢٠١٧، ٢٠٦) ئەمـە جیـاوازی لـە نێـوان دۆنـای دۆنـی ئایینـە ڕۆژهەڵاتییەکان لەگەڵ دۆنای دۆنی یارسانەکان، چونکە لە زۆربەی ئایینە ڕۆژهەڵاتیـەکان دۆنـای دۆن هەیـە، بـەڵام بـە شـێوەی جیـاواز، بـەڵام لـە لای یارسانەکان(کاکەییەکان) دۆنای دۆن نەک تەنها ڕۆح بۆ جەستە یان تەنێکی تر دەگوازرێتەوە بەڵکو جار لە دوای جار کاملتر دەبێت تا دەگاتە ئەو پەری کامل بوون و گەیشتن بە نوری ڕۆح و چاوداری، (ئیشراق).

دەبینین لە لای هیندییەکان کارما هەیە، کە ئەمە جیاوازە لەگەڵ دۆنای دۆنی یارسانەکان، لە کارمادا گۆرانکاری نایەتە گۆڕێ، واتا بەرزتر نابێتەوە، بەڵام لە دۆندا دەگاتە ئاستی باڵا ئەگەر ڕۆحەکەی پاکبێتەوە لە ڕێگای کردار و گفتاری باشەوە.

هەروەها لە ئایینی زەردەشتیشدا دۆنای دۆن هەیە، بەڵام کە دەبینین میهر ، کە بە یەکێک لە فریشتە پیرۆزەکان لە قەڵەم دەدرێت لە پێگەی دووەمی بەرزی خوداوەندی دایە واتا لە خوار ئاهورەمزدایە، کە ڕۆحی خودای تێدایە، ئەویش لە ڕێگای دۆن گۆڕینەوە بەم پێگە پیرۆزە گەیشتووە (میهر لە ئایینی میترایزم خواوەندی خۆرە).

میهر لە پێگەی خۆی لە ناو ئایینی زەردەشتیدا کە لە ئایینی میترایزم وەرگیـراوە دەسـەڵاتێکی پیـرۆز و ڕەهـای هەیـە. جگـە لـەوە لـە ئـایینی زەردەشـتیدا باوەڕیـان بـە حـەوت فریشـتەی پیـرۆز هەیـە، کـە ئـەوانیش لـە ڕێگـای دۆنـای دۆنـەوە لـە جەسـتەی زاتـی کەسـاییەتیە پیـرۆزە ئایینیـەکان

دەرکەوتوون و ڕێبەرایەتی بڕوادارانی خۆیان کردووە لە قۆناغە جیاجیاکاندا (طبیبی، ١٣٥١، ٥).

دۆنـای دۆن لـە سـەر بنـەمای دابەشـکاری مـرۆڤ بـۆ ڕۆح و جەسـتە دامـەزراوە، جەسـتە وەکـو تـەنێک سـەیر دەکرێـت، کـە ڕۆحـی هـەڵگرتووە، زۆربەی ئایینەکان بۆچوونێکی هاوشێوەیان لەسەر بەهاو پیرۆزی ڕۆح هەیە.

لـە دیـوێکی تـرەوە لـە گەوهـەری ئـایینی یارسـان باوەریـان بـە مـرۆڤ خـودایی هەیـە. واتـا دەرکـەوتنی ڕۆحـی خـودا لـە جەسـتەی مرۆڤێکـی پیـرۆز. ئەمـەش لـەوەدا گرنگـی خـۆی هەیـە کـە زاتـی یـەزدان دێتـە نـاو خەلکـەوە بـۆ گەیانـدنی پـەیامی پیـرۆز و ڕێبـەریکردنی بڕوادارانـی، بـە پێـی دەقـەکانی سـەرەنجام چەنـدان چـاودار و پیرانـی یارسـان کـە پێگـەی ڕێبـەریکردنی بڕوادارانـی ئایینەکـەیان هـەبووە. واتـا لێرەدا خـودا وەکـو ئایینـەکانی تـر لـە ئاسمان نیە، بەڵکو لە قالبی مرۆڤێکی وەکو ئـەوان دەردەکـەوێت ئەمـەش وای کـردوە شـتێک بێتـە ئـاراوە بـە نـاوی جەسـتەی (پیـرۆز) واتـا ئـەو بەهایـە بـۆ جەستە شتێک نیە، کە مرۆڤ بە توانای عەقل و توانای خودییەکان بە دەست بهێنیـت، بـەلکو بەخشیشـێکی ئیلاهیـە پەیوەسـتە بـە زاتـی ئـەو ڕۆحـەوە، هـەر ئـەوەش بنەمایـە بـۆ دابەشـکاریی چینایـەتی لـە لای ئـایینی یارسـان. بـەڵام هەرچی ڕۆشنبوونەوەیە _الاشراق، ئەمـە پلەیـەکی ڕۆحییـە جیـاوازە لـە جامـە پۆشـی کـە مـرۆڤ بـە کۆششـی زۆری ئیمـانی پێـی دەگـات، واتـا ئـەو کاتـەی بەسەر لایەنی خراپەی ڕۆحیدا زاڵ دەبیت، ئەوجار دەگاتە ئەو پێگە و پلە ڕۆحییە باڵایە، کە توانای بینینی ڕابردوو و داهاتوی خۆی هەیە.

دەبینین لە نێو سـۆفیگەری ئیسـلامی (حلـول) ئاسـتی ئاوێتـەبوونی هەیـە لەگەڵ زاتی حەقدا کە بەرزترین پلەی سۆفیگەرییە، بەڵام ئەمە جیاوازی هەیـە لەگەڵ جامەپۆشی یارسـانەکان کـە بریتییـە لـە ڕۆحـی خـودا و دەرکـەوتنی لـە قالبی هەنـدێک کەسـی هـەڵبژێردراو، کـە لـە قۆناغێکدا مەنسـور حـەلاج دەگـات بەم باوەرەی لە حەقدا ئاوێتە بووە و ئەم پەیامەش ئاشکرا دەکات، کە بـووە هۆکاری لەداردانی (تذکرە اعلی، ١٩٥٠، ٢٦).

لای یارسانەکان گەلێک ڕابەری دینی هەن لەسەر ڕۆشنایی تێکستە ئایینیەکانیان ڕۆحی خوایان تێدا جێگیر بون، کە لە قۆناغە جیاوازەکاندا کاریگەری گەورەیان لەسەر بڵاو بوونەوەی و گەشەسەندنی ئایینی یارسان هەبووە. لەوانە:

**١.بالولی ماهی (نوری خودای تێدا جێگیر بووە):**

(بالوولی ماهی) ناوی (عومەری کوڕی لەهەب)ە، ئەمەش لە سەدەی دووەمی کۆچیدا دەرکەوتووە. بە پێی تێکستی پیرۆزی (سەرەنجام) بالوول یەکێکە لە ناودارانی ئەم ئایینە. بالوول و یارانی لە هەورامانەوە دەستیان کردووە بە بڵاوکردنەوەی پەیامی ئایینی یارسان. خۆی و یارانی کە هەر هەموویان لوڕستانی بوون، لە کاتی خۆیدا سەردانی ئیمام جەعفەری سادقیان کردووە لە بەغدا و پاشتر گەڕانەتەوە بۆ کرماشان و لەوێوە دەستیان کردووە بە بڵاوکردنەوەی پەیامی ئایینی یارسان( بەشێک لە کەلامەکانی بالول لە کتێبی سەرەنجام پارێزراون) و هەر لەو سەردەمەدا بیوادارێکی زۆر بوونەتە شوێنکەوتەیان (بورەکەیی، ٢٠٠٨، ٤٧).

بالوول خۆی و یارانی لە لوڕستانەوە دەرکەوتوون و بەناو خێڵ و تیرە کوردەکاندا گەڕاون بۆ ئەوەی باوەڕەکەی خۆیان بڵاوبکەنەوە. لەم بارەوە بالوولی دانا دەفەرموێت:

ئەو واتەی یاران
ئێمە دێوانەین ئەو واتەی یاران
هەنی مەگێڵین یەک یەک شاران

بالوول یەکەم ڕابەری ئایینی یارسان بووە و کە (جەم)ی دامەزراندووە، یارانی هەفتەی جارێک کۆ بوونەوەتەوە بۆ گوێگرتن لە سروودە ئاینییەکان کە لەسەر ئاوازی تەمیرە گوتراون، ئەو شوێنی گردبوونەوەیە پاشتر بە جەمخانە ناسراوە. جەمخانە شوینی خواپەرستی و ئەنجامدانی سێرمۆنییەکانی ئایینی یارسانە.

سەرەتای سەرهەڵدانی ئایینی یارسان لەسەر دەستی (بالوولی ماهی) و یارانی لە سەدەی دووەمی کۆچیدا، کە هێشتا ئایینی ئیسلام لە کوردستاندا

بە تەواوی جێگیر نەبووبوو، پەیامەکانی بالولی ماهی ئومێدبەخشانە کاریگەری هەبوو لەسەر دانیشتوانی ناوچەکە و خزمەتێکی زۆری بە زیندووکردنەوەی زمان و فەرهەنگ و دابونەریتی کوردی کردووە. هەرچەندە زمانی ئایینەکە کوردی بووە، بەڵام ڕێگا لەوە نەگیراوە کە باوەڕمەندانی نەتەوەکانی دیکە بە زمانی خۆیان سروود داڕێژن وەکو (تورکی و فارسی)، بەڵام لە دەورەکانی پاشتردا تێکستە پیرۆزەکان وزمانی ڕێورەسمەکان زاری (گۆرانی) بە شێوەی ڕەسمی دەربڕینی خۆی هەڵبژارد و زاڵ کرد. تا ئێستاش لە کەلام خوێندن و ڕێوڕەسمە ئایینیەکاندا نزاکان بە دیالێکتی گۆرانبەکار دەبرێت (بورەگەیی، ٢٠٠٨، ٤٩).

باوەری ئایینیی یارسانەکان گرێدراوە بە دەرکەوتنی دۆنی پیرۆزی زاتی یەزدان لە تەنی ڕێبەر پیرۆزەکانیاندا.

بە پێی کەلامەکانی سەرەنجامیش بالولی ماهی زاتی یەزدانی تێدا جێگیر بووە و پایەکی پیرۆزی هەیە لە نێو ئایینی یارساندا بۆیە شاعیر و عارفێکی گەورەی ناو ئایینی یارسان (دەروێش نەورۆزی سۆرانی) کە کەلامێکی هەیە کە باسی پیرۆزی بالولی ماهی دەکات دەفەرموێ:

بالول زاتێوەن، زاتی یەکانە<br>
عامیان ماچان بالوول دێوانە<br>
کێ دە دێوانە وەی تەور دانا بۆ<br>
مەرگە و نەمەیدان گەردوون زانا بۆ

بە واتای :

بالول زاتێکی یەکانە و تاکە، وتا لێرە بە مانای ڕۆحی خودای تێدا جێگیرە، کەچی خەلکانی نەزان و بالولی دێوانەی پێدەڵێن، کێ دیویەتی کەسێکی دێوانە بە شێوەی ئەو لە مەیدانی گەردووندا ئەوەندە زانا و دانا بێت.

### ٢. دەورەی شاخۆشین کە دەکەوێتە دوای دەوەری بالولی ماهی.دۆنی (عەلی کوری تالیب)

زاتی شاخۆشین بە پێی تێکستەکانی (سەرەنجام) نوری خودای تێدا

جێگیرە و دۆنی ( عەلی کوری تالیب) خەلیفەی چوارەم لە ئایینی ئیسلام.

پاشان زاتێکی دیکە بە ناوی موبارەک شای لوڕستانی کە بە شاخۆشین ناسراوە لە سەرەتای سەدەی پێنجەمی کۆچیدا لە دایکێکی پاکیزە بە ناوی جەلالە خانم کە کچی میرزا ئامانی فەرەمانڕەوای لوڕستان بووە، پەیدا بووە. ئەم زاتە هاوچەرخی بابە تاهیری هەمەدانی بووە، چاکترە بڵێین بابە تاهیر و فاتمە لوڕە لە یارانی شاخۆشین بوون. شاخۆشین و یارانی دیکەی وەک:

بابە بزورگ، کاکە ڕەدا، خوداداد، هندۆلە، میرزا ئامان، ڕێحان خانمی لوڕستانی، لزا خان جاف و هتد.. بە دەنگی خۆش و بە ئاوازی تەمیرە سروودەکانی خۆیان بۆ یارانیان چڕیوە. باوە خۆشین لە تەمەنی شەست ساڵیدا لە ڕووباری گاماسب(هەندێک دەڵێن مەعزاو یان مەسەناو) غەیب دەبێت و بەڵێن دەداتە یارانی کە دوای سێسەد ساڵ پەیدا ببێتەوە، بەم پێیە دوای ئەو ماوەیە شاخۆشین لە دۆنی سوڵتان سهاک لە بەرزنجە پەیدا دەبێتەوە و ئاییني یاری نۆژەن دەکاتەوە. لە کلامی نرکەی شاهەنشاهدا هاتووە:

"مێرد ئازمایش کەرد، شی وە مەعزاو
یا میهسەناو یان مەسەناو یا ماسەناو"

لە دایکبوونی شاخۆشین لە شێوازی لە دایکبوونی مەسیحە کە هەردووکیان بێباوک لە دایک بوون، بۆیە دەبینین جەلالە خانمی دایکی ڕووبەڕووی ئەو ناوو وناتۆرانە بۆتەوە لە کاتی خۆیدا بە هەمان شێوەی حەزرەتی مریەم، ئەفسانەی لە دایک بوونەکەی ئەوەیە: ڕۆژێک بەرامبەر خۆر دانیشتووە، تاڵە تیشکێک لە خۆر جیابۆتەوە نیشتۆتەوە سەر زەوی بە دەمیدا چۆتە ناوسکییەوە لە ئەنجامی ئەودا دووگیان بووە، شاخۆشین لە دایک بووە (ڕۆستەم، ٢٠٠٦، ١٧٧).

بەدنیا هاتنی (شاخۆشین) بە شێوازێکی سڕ(نهێنی) دەبێت، تا پاش سێسەد ساڵ سەرلەنوێ لە دەورەی سوڵتان سەهاک لە شارەزوور پەیدا دەبێتەوە و بارگەی خۆی لە هەورامان دادەمەزرێنێت. بەو ماوەی غەیب

بوونەی دەگوترێت: سێسەد ساڵ لە پەنهان مانەوە ( سرِ). لە کلامی یاریدا هاتووە:

ئەو کۆی هەورامان
بارگەی "شا"م وەستەن ئەو کۆی هەورامان
زات خودایی قانیع غولامان
سیسەد ساڵ سرِ بی کەس وە پێش نەزان(صدیق بورەگەیی، ٢٠٠٨، ٣٣٨)

بە پێی میتۆلۆژیای ئایینەکە خودا لە ئەزەلدا دانیشتووی نێو مرواریییەکی ژێر دەریا بوو، بۆ یەکەم جار خۆی لە شێوەی خاوەندگاری دانەری جیهان دەرخست، دووەم دەرکەوتنی خودا لە شێوەی عەلی کوری ئەبی تالیب و سێیەم دەکەوتن کە گرنگترین دەرکەوتەی ئایینەکەیە بریتییە لە شاخۆشین، سولتان سەهاکی بەرزەنجی یە(مینۆرسکی، ٢٠٠٦، ٢١٣).

بە نمونە لە چەند کەلامێکی دەورەی شاخۆشین دەڵی:

غولامان ئیقرار غولامان ئیقرار
وەعدەی زهورەن بەیان وە ئیقرار
نەرۆزی ئەزەل بیای ساجی نار
ئەی کام وەعدەم دان نە پەردێوەر شار
من جە طریقەت ئاوم بێ زەلاڵ
وە نام خۆشین ئامام وەڕووی کار
دوویست ساڵ نەی وەر نەدوونی مەولام
ئامام وە بیسات وە شیرین کەلام

بە مانای ئەوە دێت شاخۆشین بەڵێنی ئاشکراکردنی (دینی یارسان) لە پردێوەر داوە، لە سەرچاوەکانیش هاتووە شاخۆشین لە ساڵی( ٤٦٧ک ) لە دونیا دەرچووە، لە لایەن سان سەهاک دووبارە دامەزراوەتەوە، لە سەرەنجامدا هاتووە لە ساڵەکانی( ٥٢٨_٦٢٨)ک ژیاوە کەواتە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت شاخۆشین لە تەنی یان دۆنی سان سەهاک دەرکەوتووە و ئایینی یارسانی بەشێوازێکی تازە ڕەنگرێژ کردووە و بڵاوی کردۆتەوە. وەکو

لە کەلامەی سەرەوەدا ئاماژەی پێکراوە.

جگە لەوە لە سەرەنجامی دەورەی خەزانە پیر موسا دەفەرموێ:

جام جیهان بین جام جیهان بین          قودرەتش مەوجوود جام جیهان بین
بێ شەک و گۆمان، بێ چەن و بێ چوین   خاوەندکار عەلی زات شاخۆشین
موسەخەر کەردەن ئاسمان و زەمین         وە ئیقرار وێش شەرت بنیامین
(تاهیری، ٢٠٠٩، ٣٥٤)

لێردا لەم کەلامەدا ئاماژە بە دۆنی عەلی دەکا کە شاخۆشینە و زاتی نوری یەزدان تێیاندا جێگیربووە.

بە پێی کتێبی سەرەنجام زۆرن ئەوانەی کە نوری خوایان تێدا جێگیر بووە بە باسێکی وا کۆتایی نایی ئێمە بەشێکی وەردەگرین

**٣. باباناوسی سەرگەتی (نوری خودای تێدا جێگیرە):**

ڕۆحی سولتان سەهاک لە دۆنی بابا ناوس لە کۆتایی سەدەی پێنجەمی کۆچی لە دێی (سەرگەت) لە هەورەمانی لهۆن، بە پێی کەلامەکانی سەرەنجام بە شێوەیەکی موجیزە ئاسا وەکو شاخۆشین و سولتان سهاک هاتە دونیا، ناوی دایکی (خەزان خانمە).

یەکێکی ترە لە ڕابەرانی پیرۆزی ئایینی یارسان کە نوری یەزدانی پیرۆزی تێدا جێگیر بووە و یەکێکە لە ڕۆحە مەزنەکانی سەردەمی خۆی. بابا ناوسی سەرەگەتی چەندان کاری گرنگی کردووە بۆ بڵاوکردنەوەی ڕێوڕەچەی یارسان. جگە لە بابا ناوس لە دەورەکانی پاشتر شاخۆشیین سولتان سەهاکیش نوری یەزدانی پیرۆزیان تێدا جێگیر بووە، کە لە سەرچاوەدا دۆنی عەلی کوری تالیبی ئامۆزای پێغەمبەرە. کە لە خوارەوە ئاماژەی پێدەکەین بە درێژی. وەکو لەو کەلامەی دایە خەزانی سەرگەتی ئاماژە بە نووری پیرۆزی یەزدانی دەکات لەودا :

تیری وەت کەفۆ دەم و دگانا
مەردەت زیندە کەرد جە گۆرستانا
یارت گڵەودان جە وەر ئاوانا

جای خوا یوەن هەنش نیشانا (بورەگەیی، ٢٠٠٨، ١٢٧).

واتا:

تیرێکت بۆ هاوێشتم مردوت لە گۆڕستانا زیندووکردەوە، یاری خۆت لە گێژاوی ئاواندا هێنایە دەرێ، هەر لەوەوە بۆم دەرکەوت کە هێزێکی خودایيت هەیە.

باباناوس وەکو چاودارەکانی تر لە ئایینی یارسان چەندان تێکستی پیرۆزی لێ بەجێ ماوە و کۆکراوەتەوە لەسەرەنجامدا پارێزراوە، باباناوس لە سەردەمەکەی خۆیدا پێشبینی هاتنی سولتان سەهاکی کردووە. زاتێکی مەزن و خواناسێکی گەورە بوو، هەمیشە خەریکی ئایین پەروەری بوو لە نێو خەڵکی ناوچەکە، وە بە شێت و دێوانەش دەناسرا، لە رووی دارایشەوە یەکێ بوو لە هەژارەکانی سەرگەت.

باباناوس یەکێکە لەو ڕۆحە مەزنانە، کە لە کاتی کەلام خوێندندا دۆنەکانی خۆی دەناسییەوە و بۆ خەزانی دایک و یارانی دۆنای دۆنی خۆی دەگێرایەوە. هەروەها لە کەلامەکانی دەورەی پردێوەر چاودارەکان ناویان هێناوە و دەیناسن کە دۆنی سوڵتانە و خاوەنی رابوردووەکی پرشنگدارە لە گەشەپێدانی ئایینەکە و بڵاو کردنەوەی. (بورەگەیی، ٢٠٠٨، ١٢٧).

بابا ناوس لە نیوەی یەکەمی سەدەی شەشەم ماڵئاوایی کرد و ئارامگەکەی لە نزیک گوندی سەرگەتە و ئەمرۆش یارسانییەکان مەزارەکەی بە پیرۆز دەزانن و زیارەتی دەکەن(کاکەیی، ٢٠١٣، ٥٧_٦٨).

٤.. سوڵتان سەهاک یان سوڵتان ئیسحاق (شای هەورەمان)، ئەویش لە سیستەمی فەلسەفەی دۆنای دۆندا دەگەڕێتەوە بۆ دۆنی (دۆنی عەلی کوڕی تالیب) کە زاتی پیرۆزی نوری یەزدانی تێدا جێگیر بووە.

بە پێی بیرو باوەری ئایینی یارسانەکان یەکێکە لە فریشتەکان کە لە ئەزەلدا ڕۆحی علی کوری ئەبی تالیبە کە عەلیش ڕۆحی خودای تێدا جێگیر بووە، لە کۆتاییەکانی سەدەی حەوتی هیجری (١٢٧٦ زایینی) لە ناوچەی بەرزنجەی سەر بە قەزای سەید سادقی پارێزگای سلێمانیدا لە دایک بووە باوکی ناوی شێخ عیسایە و دایکی ناوی ڕەزبار خاتوونە، کە کچی حسەین

بەگی جەڵد بووە. کە ئەوکات ڕێبەر و دامەزرێنەری تەریقەتی قادرییەکان بوو. باوکی تەکیە و موریدی هەبوو دوای ئەوە ئەو ناوچەی بەرزنجەی جێ هێشتووە و ڕووی لە گوندی شێخانی کوردستانی ئێران کردووە و لەوێ نیشتەجێ بووە. سولتان سەهاک بە پیشەواو گەورەترین ڕۆح لە ئایینی یارسان جێگیرکراوە بەرامبەر بە دۆنەکانی تر کە قۆناغ بە قۆناغ ، دەورە بە دوای دەورە گەشەیان بە ئاینی یارسان داوە لە پێگەیاندنی ئایینەکە واتات لە هەموویان زیاتر شوێن پەنجەی بە لایەنەکانی گەشەکردن و ڕێکخستنەوەی کاریگەرەییەکانی دیارە، سوڵتان سەهاک نوێکەرەوەی ئایینی یارسانە لە هەورەمان بە ڕێکخستن و چەسپاندنی سرود و ڕێوڕەسمەکانی پیرۆزەکان بنەڕەتییەکانی ئایینەکە. یاران و لایەنگرانی خۆی کردووە بە پانزە بەشەوە هەر بەشێکیان ئەرکێکی تایبەتی بۆ دیارکردووە (حەوتەن، حەوتەوانە، حەوت خەلیفە، چل تەن، حەفتاودووپیر، یاۆانی قەولتاس ، حەوت خادم، حەوت حەوتەوان، چل چل تەنان، نەوەدو نۆ پیرەی شاهۆ، شەست و شە غولامی کەمەر زێرین، هەزار و یەک بەندە، خواجی وێنە، بێوەن بەندە، بەیوەر هەزار بەندە)، جگە لەوە پێکهێنانی جەم، و دیاریکردنی سێ ڕۆژ بەرۆژوو بوون، دیارکردنی سرووتە دینییەکان( تەلقینی مردوو، خۆشتن، قوربانیکردن، سەرسپاردن ....)(بورەکەیی، ٢٠٠٨، ١٥٨).

بە پێی کەلامەکانی ئایینی یارسان بە دنیا هاتنی شێوەی موجیزە بووە بۆیە دەلێن ڕۆحی خودای تێدا جێگیر بووە، ئەویش ڕۆحی علی کوری ئەبی تالیبە، کە ڕۆحی خودای تێدایە ، دوای ئەوەی شێخ عیسی دایراکی خواست ، لە شەوی بوکینی نور دەچێتە نێو سکی خاتوو دایراکەوە دووگیان دەبێت بە سولتان (کاکەیی، ٢٠١٣، ١٠٨–_١٠٩)لای بڕوادارانی یارسان سوڵتان سەهاک کە ڕۆحی عەلیی کە بە هەمان شێوە لە نێو بەگتاشیەکانیش (حاجی بەگداش ڕۆحی عەلییە کە ڕۆحی خودای تێدا جێگیرە کە ڕابەر و پیرۆزترین ڕۆحە لە ئاینی بەگداشییکان، کە لە دۆنی پێشتری ڕۆحی ئیمامی عەلییە.

.هەر یەک لە حەزرەتی (مەسیح ، سەلمانی فارسی و ئیمامی عەلی کوری ئەبی تالیب و بالولی ماهی و شاخۆشین و سان سەهاک بەرزنجی) بە پێی

هەندێ سەرچاوەکان چەند کەسێکی تریش لە ناو ئایینی یارسان ڕۆحی خوداییان تێدا جێگیر بووە. بۆیە دەبینین لە ناو ئایینی میترایش خوایەک هەیە لە ناو خۆردایە ئەویش میترا_ میهر)ە بۆیە ئەوان ناڵێن خۆر خودی خودایە، بەڵکو دەڵێن نوری یەزدان لە ناو هەتاو دایە ئەویش میهرە.

هەروەها لە نێو ئایینی مەسیحیشدا پاش لە خاچدانی مەسیح ڕۆحی بەرز بۆتەوە بۆ ئاسمان ، یارسانەکان بە (مهر مەسیح ) ناوی دەبەن (ڕۆستەم، ٢٠٠٦، ٢٩).

بۆیە لێرەدا پێویستە کەمێک لەسەر کەسیەتی (عەلی کوری ئەبی تالیب بوەستین واتا لایەنە مێژووییەکەی باس بکەین ئەوەی لە نێو ئایینی ئیسلامدا باسی لێوە کراوە ئەوەیە:

- **ژیاننامەی ئیمامی عەلی ئەبو تالیب:**

باوکی حەسەن عەلی کوڕی ئەبوتالیب، کوڕی مامی پێغەمبەر بووە و هاوسەری فاتمەی کچی پێغەمبەر محەمەد بووە، و چوارەم خەلیفەی ڕاشدینە لای سونە و یەکەم ئیمامە لای شیعە. دوا خەلیفەیە لە ئایینی ئیسلامدا.

عەلی کوڕی ئەبوتالیبی کوڕی عەبدول موتەلیب کوڕی هاشم لە مەککە لە ساڵی ٥٩٩ز یان ٣٠ ساڵ دوای ساڵی فیل لە دایکبووە.

بە پێی هەندێ سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کە دووەم یان سێیەم کەس بووە، کە بۆتە ئیسلام و یەکەم لاو بووە کە موسڵمان بووە، دوای ئەوە کە پێغەمبەر ئیسلامی ڕاگەیاند بە نزیک و کەسوکاری خۆی لە بەنی هاشم بۆ جێبەجێکردنی ئەوەی لە قورئاندا هاتبوو، بەڵام کاتێک بانگەوازی بۆ کردن کەس وەڵامی نەدایەوە عەلی نەبێت.

عەلی کوری ئەبی تالیب بۆ مەدینە کۆچی کرد، کاتێک لە تەمەنی ٢٢ ساڵیدا بوو، عەلی جێگەی متمانەی پێغەمبەر بوو، یەکێک بووە لە نوێنەرەکانی کە پەیامەکانی پێغەمبەریان ئەگەیاند و هۆزەکانیان بانگ ئەکرد بۆ ئیسلام.

لە سەردەمی هەردوو خەلیفە ئەبوبەکری سدیق و عومەری کوڕی خەتابدا، هەردوو خەلیفە لە زۆر کاروباردا ڕاوێژیان بە عەلی کردووە. لە

سەردەمی عوسمانی کوڕی عەفاندا، عەلی شوێنە ئاینی و کۆمەڵایەتیەکەی خۆی پاراست، و عوسمان لە زۆر کاروباردا ڕاوێژی پێ ئەکرد.

لە دوای کوژرانی عوسمانی کوری عەفان، عەلی وەکو خەلیفە بەیعەتیان پێدا ، ئەوانەی لە مەدینە بوون لە هاوەڵ و شوێنکەوتوو و ئەوانی تر موبایەعەیان دا بە عەلی، و زۆر لە گێڕانەوەکان ئەڵێن کە نزیکەکانی عوسمان و ئەمەوییەکان موبایەعەیان نەدا بە عەلی و بەرەو شام ڕۆیشتن، و هەروەک ئەڵێن هاوەڵە گەورەکانی وەک سەعدی کوڕی ئەبو وەقاس و عەبدوڵڵای کوڕی عومەر و زۆری تر موبایەعەیان نەدا بە عەلی، بەڵام بەڵێنیان دا کە لێی هەڵنەگەڕێنەوە ( خفاجی، ٢٠٠٦، ٤-٨).

ئەمە سەبارەت بە لایەنە مێژووییەکەی لە ئایینی ئیسلامدا شتێکمان ڕوونکردەوە، بەڵام سەبارەت لە نێو ئایینی یارسان ڕۆحی عەلی  کوری ئەبی تالیب ڕۆحی خوداییە چەندان سەربردە و ئەفسانەی هەیە لە پاش مردنی حەزرەتی عەلی چەندان گروپی شیعە سەریانهەڵدا کە هەموویان عەلییان بە خودا ناسیوە لەوانە( شیعەی نوصەیری، شیعەی عەلەوی، قورمتیەکان...هتد).

وەکو لە سەرەنجامی دەورەی خەزانە پیر بنیامین دەفەرموێ:

وە شەرت ئیمان    ڕای حەق ڕاسییەن وە شەرت ئیمان
ڕای حەق شناسی موفت نیا ئاسان    یار چە سڕ حەق مەوای هەراسان
وەشەرت ئیقرار وە بەیای  بەلی    خودای یارسان عەلییەن عەلی
وە خەلق ئاما سڕ خودای یارستان    پەنامان ماچان گرۆی کافرستان

(تاهیری، ٢٠٠٩، ٣٤٥)

ئاماژە بە ڕۆحی عەلی دەکا کە ڕۆحی خودای تێدایە........

٦. پیر بنیامین: (نوری خودای تێدایە) ( پێغەمبەر عیسا) (دۆنی زەردەشت)( لە سەردەمی شانامەدا دۆنی ڕۆستەم)

پیر بنیامین بە پێی کەلامەکانی سەرەنجام ناوی (پیر خدری شاهۆییە و بە یەکێ لە یارانی نزیک سولتان سەهاک دادەنرێت، بە پێی بەڵگەکانی دەستنوس پیربنیامین لە لایەن سوڵتانە و بە پیر هەڵبژێردراوە خۆی سەری پێسپاردو، یەکەمجار لە ساڵی ٦٣٣ ک لە نزیک چیای شاهۆ بە دنیا هاتووە و

ژیاوە و پێگەیشتووە. پاشان لە تافی لاویدا ڕۆیشتۆتە لای سوڵتان سەهاک و لە لای ئەو فێرە زانیاری بووە و قوڵ بۆتەوە لە ئاییینی یارسان لە کۆتایی تەمەنی بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینەکە دەچێتە شاری (کرند) لە نزیک کرماشان ڕۆژهەلاتی کوردستان، هەر لەوێش بەخاک سپێردراوە( بورەگەیی، ٢٠٠٨، ١٦٣) لە سەردەمی (عەلی کوری تالیب) لە دۆنی (سەلمانی فارسی) بە پێی شعرێکی علائەدین بنیامین لە سالی ٦٣٣ ک لە شاهۆ لە دایک بووە شیعرەکە دەلێت:

سالْ شەش صەد و سی و سێ تەمام

بنیامین جە ساهۆ پەیدا بی وەکام

پیر بنیامین پایەکی ڕۆحی بەرزی لە نێو ئاییینی یارسانەکان. سەبارەت بە پاییەی ڕۆحی ناوبراو نزایەک هەیە کە سەی محمەدی گەورە سواری کوڕە گەورەی سان سەهاک لە جەمی پردێوەردا خوێندیەتی دەڵێ:

وە ئیشارەی شا وە فەرموودەی یار

وە شەرت بنیامین پیری سەرقەتار

پیر بنیامین دۆنی پیر خدری شاهۆیە

بە پێیی ئەو کەلامە پیر (بنیامین) (دۆنی پیر خدری شاهۆیە)

جگە لەمە بە پێی ڕازێکی دەماودەم لە هەورامان هەیە، دەڵێت:

پیر خدری شاهۆ کە هاتۆتە کوردستان سەرەتا لە (گەنجەویەی باوە) نیشتەجێ بووە، خەڵکی ناوچەکە زۆربەیان لەدەوری کۆبوونەتەوە، هەر بۆیە کە (قازی ابو نجیب الدین) کە قازی (میر مقرب الدین) بووە، فەرمانی داوە ئاگرێکی گەورەیان سازکردووە بە زۆر پیر خدریان خستۆتە ناویەوە، بەڵام پاش ماوەیەک زۆر پیر خدر بە ساخی لە ناو ئاگرەکە هاتۆتە دەرەوە، ئەوەش بۆتە هۆی پەشیمانی قازی، بۆیە گوندێکی بە ناوی قوتلئاوا پێبەخشیوە، هەتا کۆتایی ژیانی لەوێ ژیاوە.(ڕۆستەم، ٢٠٠٦، ١٧٨).

جگە لەوە پیربنیامین لە دۆنێکی تردا وەکو ڕۆحی پێغەمبەر (عیسا یوسف) دەردەکەوێت،

پێغەمبەر عیسای کوڕی یوسف:

لە ٢٥ ی کانونی یەکەم لە دایکبووە، ژیانی منداڵی لە شاری بەیتولەحمی فەلەستین بەسەر بردووە، ، عیسا لە تەمەنی لاوی دەستی کردووە بە بانگێشتکردنی خەلک بۆ یەکتاپەرستی، بە مەسیح ناسراوە ، عیسای کوڕی مەریەم یەکێکە لەو پێغەمبەرانەی کە بە بێ باوک لە دایک بووە، بەلام بە پێی ئینجیلی . **(لوقا، متی، یوحنا ، مرقص) ئاماژە بەوە دەکەن کە مریەم مێردی بە پیاوێک کردووە ناوی (یوسف النجار بووە)، بەلام لە ئایینی ئیسلامدا (عیسای مەسیح) بە پشت بەستن بە ئاییەتەکانی قورئان ئەوە ڕەت دەکەونەوە کە کوڕی یوسفی دارتاش بیت، بەڵکو بە دونیاهاتنی بە موجیزەی خودایی دەناسن و بە کوڕی خوا دایدەنێن.**

**مردنی عیسا چەندان گێڕانەوەی هەیە لای مەسیحیەکان و جووەکان و موسلمانەکان، هەندێکیان دەلێن دوای ئەوەی جووەکان ویستیانە (عیسا) بکوژن، لە لایەن هێزی یەزدانەوە بەرزدەکرێتەوە بۆ ئاسمان، مێژوونووس و و جووە مەسیحییەکان پێیان وایە عیسا لە خاچ دراوە و کوژراوە. (قەرەداغی، ١٩٩٩، لا٧_١٤)**

**لە نێو ئایینی یارساندا پێغەمبەر (عیسا) ڕۆحێکی مەزنی پیرۆزە و نووری یەزدان تیایدا گێگیر بووە، وە لە سەرەنجامەکەی حاجی نیعمەت دەفەرموێ:**

**عیسا هەم مەزهەر پیر بنیامینەن**
**ڕەوشەنی ئەرکان ئیمان و دینەن**
**وە گرۆی ئەسرار ئاگاو موبینەن**
**گاهێ وە سەما گاە وە زەمینەن**
**وە گردی حووران مەسدەر نشینەن**
**ئەوەل و ئاخر یار(کاکەیی، ٢٠١٥، لا٤٢)**

**واتای ئەوە دەگەیەنێت( کە عیسا دۆنی پیر بنیامینە، ڕەوشنەی بە ئیمان و دینە، ئاگاداری هەموو نهێنییەکانی زەمینە، لە گردی حوران نیشتەجێیە).**

جگە لەوە پیر بنیامین یەکێکە لە فریشتەکانی ناو ئایینی یارسان لە دۆنی سەردەمی ئاهورەمەزدا زەردەشت بووە.

- **زەردەشت کوڕی پورشاسپ:**

زەردەشتیش کوری پورشاسپ، کە ناوی تەواوی (سیتاما کوڕی پورشاسپ) و دایکیشی ناوی (دۆغدا) بووە، لە ساڵی ٦٦٠ پێش زایین لەدایک بووە. زۆربەی مێژوونووسە بیانییەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە زەردەشت لەدایکبووی ناوچەی (ورمێ)ی ڕۆژهەلاتی کوردستانە، بەڵام کۆمەڵێک لە مێژوونووسە کوردەکان هاوڕان لەسەر ئەوەی زەردەشت لە ناوچەی هەورامانی کوردستان لەدایک بووە.

جەلیل عەباسی، مێژوونووس و توێژەری تایبەتی زەردەشتانسی وەرگێڕی زۆر لە کتیب و تێکستەکانی ئایینی زەردەشتی بۆ زمانی کوردی، لە کتێبی (ئاڤێستا نەسکی یەکەم)دا، سێ هۆکاری سەرەکی بۆ ئەم بۆچوونە دەهێنێتەوە و لەڕێیەوە دەیەوێ بیسەلمێنێت، کە زەردەشت لەدایکبووی ناوچەی هەورامانە:

١. -لێکچوونەوەی ناوی چیای (گوساڵە) کە مێژوونووسان دەڵێن زەردەشت لەوێ لەدایک بووە، لەگەڵ چیای (کۆسالان) کە گوساڵە حاڵەتی فارسیکراوەی هەمان کۆسالانە لە هەورامان و (ئیرانویچ)یش هەمان (ئورامۆن)ە و (ئوەرمێ)ش حاڵەتی هەڵە نووسراوی (ئورامیە) ئورامان یان هورامان واتا شوێن و مەڵبەندی ئاهوورامەنە.

٢. ڕێژەیەکی یەکجار زۆر شوێنەوار، لە ئایینی زەردەشتی لە هەورامان بەجێ ماون، کە دەتوانین بڵێین لە ناوچەکانی تر کە ئایینی زەردەشتیان پەیڕەو کردووە، زۆرترە.

٣. سەرنجدان لە جلوبەرگی کوردی و بەستنەوەی پشتوێنێک بە سێ گرێ، کە نیشاندەری دووپاتکردنەوەی هەموو ڕۆژەی سۆز و پەیمان لەگەڵ ئاهورامەزدایە بۆ بەجێهێنانی بنەمای ئایینی زەردەشتی، کە (بیر و وتە و کرداری چاکە)یە، لەلایەن کوردەوە.(ڕۆژنامەی باس، جەلیل عەباس، ٢٠١٨). بۆیە دەبینین لە نێو ئایینی یارسان زەردەشت ڕۆحێکی پیرۆزی هەیە.

لە بنەرەتدا خاڵی هاوشبەش و لێکچوو زۆرن لە نێوان ئایینی زەردەشتی و ئایینی یارسان، بۆ نمونە لە هێلی سەرەکی باوەر لە ئایینی یارسان لە

کەلامەکانی بارگە )دا هاتووە کە یەزدانی مەزن خۆی سەرچاوەی ڕووناکی و بوونە (ئاسمان و زەوی، ئاو و هەوا، هەموو زیندەوەرەکان ، ڕووەک و شینایی) لە ناو گەردوندا هەموو شتێک لە ژێر فەرمانڕەوای ئەودان، لە کتێبی (ئاوێستاشدا) هاتووە ئاهورا مەزاد زانا و دانایە و لە هەمووان مەزنتر و هەتا هەتاییە، ئەفرێنەری جیهان و هەموو بوونەرەکانیەتی، (ئاسمان و زەوی، مانگ و ئاوهەوا خۆر و ئەستێرەکان) لە ژێر فەرمانی ئەودان، لە کتێبی پیرۆزی هەردوو ئاینەکە(ئاوێستا و ، سەرەنجام) هاتووە، ئاگر (نور) بە پیرۆز دەزانن، دیارە لە ئاوێستادا زەردەشت پێغەمبەرە و ( ئاگریش نوری ژیانی ئاهورامەزدایە). پیر شالیاری هەورامی لە کەلامێکیدا دەفەرمویَ:

ئەو ئاهر خانە ئەو ئاهر خانە        بارگەی شام وستەن ئەو ئاهرخانە
(زەردەشت)ش کیاست پەریَ فەرمانە   بەرگوزیدەش کەرد نە ڕووی زەمانە

لێرەدا لەم کەلامەدا بۆمان دەردەکەوێت لە ئایین یارسانەکان ئاتاشخانە بارگەی خودایيە و زەردەشتیش پێغەمبەرە.

دروشمە هەرە سەرەکییەکانی هەردوو دین لە سەرەنجام و ئاوێستادا خراونەتە روو، لای زەردەشتییەکان (ووتەی چاک، کرداری چاک، هزری چاک) لای یارسانەکانیش لە سەرەنجامدا هاتووە (پاکی و ڕاستی و بەخشندەیی و چاکە) وەکو لەم دوو دێرە کەلامەی پیر نازداری شیرازی کە لە دەفتەری بارگە بارگە هاتووە :

یاران یاوەران ڕای هەق راسییەن     پاکی دورستی و ڕەدا و خاسییەن
(رۆستەم، ٢٠١١، ١١٠-١١١)

جگە لە لێکچوونی ناوەرۆکی ئاوێستا و سەرەنجام لە زۆر ڕووەوە، بە پێی کەلامەکانی سەرەنجام دۆنی زەردەشتیش ڕۆحی بنیامینە بە پێی سەرەنجام شا ئیبراهیم مەرەمۆ دەفەرمویَ:

زولاَل ئاوێستا، زولاَل ئاوێستا        ئەسڵ دەفتەرەن زولاَل ئاوێستا
بنیامین زەردەشتەن دەفتەر وە دەستا   زاتش جە بادەی شەهنشا مەستا
ئەوەل و ئاخر یار(سەفیزادە، ١٣٦١، ٨٩)

واتــا ( بــه رۆن و رەوانــی ئاوێســتا بنچینــەی دەفتەرە(ســەرەنجامە)ی یارسـانە، ڕۆحـی پیـر بنیـامین دۆنـی زەردەشـت پێغەمبـەرە، کـە دەفتـەری لـە دەستا، زاتی یان ڕۆحی بە عەشقی یەزدان مەستە)

- جگە لەوە پیر بنیامین لە شانامەدا دۆنی (ڕۆستەمی زاڵ) بووە. وەکو لە کەلامی بارگە بارگە دا دەفەرموێت:

ئەو کۆی سەمەنگان ئەو کۆی سەمەنگان بارگەی شا)م خواجای یەک ڕەنگان
وە فەرمان (شا)م خواجای یەکڕەنگان ڕۆستەم نە یۆرت پیر سەرهەنگان
چەنی تەهمینە بانوی سەرهەنگان جام یەکڕەنگی نۆشا وە چەنگان
هەر ئەو جامە بێ پاک کەردش ژنگان ڕۆستەم نە یۆرتی بنیامین سەنگان
( سەرەنجام-بارگە-بارگە-لا٤٧)

لەم کەلامە باس لەوەکراوە لەو سەردەمەدا کە بارگەی خودایی لەکێوی (سـەمەنگان) دابـەزیوە، رەوانـی (پیـر بنیـامین) لـە دۆنـی (ڕۆسـتەم) دا بـووە و لەگـەڵ (تەمینــە) ژیــانی هاوســەرییان پێکهێنــاوە، ســەمەنگان گوندێکــە لــە گوندەکانی سەربە (صەحنەی هانە) ی سنووری پارێزگای کرماشان.

جگە لەوە لە بارگەبارگەدا (پیر محمەدی شارەزووری) فەرموویەتی:
ئەو کۆی بێداری ئەو کۆی بێداری بارگەی (شا) م پەی دیینی یاری
رۆستەم نە یۆرتی بنیام دا دیاری سوهراب نمانا وە یادگاری
وە تیری بابۆش زامش یی کاری
(سەرەنجام_بارگە_بارگە،٤٧١)

لـەم کەلامـەی بارگـە بارگـەدا دووپاتیدەکاتـەوە کـە ڕەوانـی ڕۆسـتەم لـە قۆناغی پەردێوەردا چووەتە دۆنی(پیر بنیامین) دوە، هەروەهـا ڕۆحـی زۆرابـی کوڕی لە هـەمان قۆناغدا چووەتـە جەسـتەی (بـاوە یادگار)ەوە هاوکـات ڕازی کوشــتنی (زۆراب) بــە دەســتی ڕۆســتەمی بــاوکی خــراوەتەڕوو، هــەروەها شایەنی ئاماژە پێکردنە دۆنی بابا یادگار لە قالبگۆڕینە زۆربـەی جارەکان بە کوشتن ژیانی کۆتایی دێت و دۆن دەگۆڕێت.

*** شانامەی ڕۆستەم و زۆراب:**

چیرۆکی رۆستەم و زۆراب یەکێکە لە ناسراوترین چیرۆکەکانی شانامە لە ئەدەبیاتی فارسیدا، کە لەم چیرۆکەدا بەسەرهاتی پادشایانی ئیرانی بە پێی ڕەوتی مێژوویی و کرۆنۆلۆجی دەگیڕێتەوە، کە لە نێوی ئایینی زەردەشتیشدا هەیە، لە کتێبی ئاوێستا ئاماژەی پێکردووە، وە ئەم چیرۆکە باسی ئازایەتی ڕۆستەم دەکات کە دوای ئەوەی زۆرابی کوری دەکوژێ دایکی بە لە شکرێکی گەورەوە دەچێتە شەری ڕۆستەم، دوای ئەوە ئاشتی لەگەل ڕۆستەم دەکا دووبارە کوڕێکی تریان دەبێت.

رۆستەم بە پێی قسەکانی جگەر خوێن کورد بووە، قارەمان و پاڵەوان بووە لە شانامەکەی فیردەوسی لە هەرێمی زابلوستان لە دایک بووە، هەر بۆیە بە ڕۆستەمی زابولە بەناوبانگە. (گۆدەرزی، ٢٠١٢،٢٣_٩٩).

٤. خاتوون دایراکی ڕەزبار. ڕەمزبار(فاتیمەی کچی پێغەمبەر محمد):

ناوی دایراکی کچی حوسێن بەگی جەڵدە کە بە پێی کتێبی پیرۆزی (سەرەنجام) لە ناوەڕاستی سەدەی هەشتەمی کۆچیدا لە شاری حەلوان لە دایک بووە، هەر لە سەردەمی منداڵیدا باوکی مامۆستای تایبەتی بۆ گرتووە و لەلای ئەو خەریکی خوێندن بووە و پاشان چووەتە قوتابخانە و قورئانی پیرۆز و کتێبی تری خویندۆتەوە، ئەوسا فێری خۆشنووسی و ژەنیاری تەمیرە بووە و لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا شووی کردووە بە شێخ عیسای بەرزنجی و سوڵتان سەهاکی لێ بووە (کە نوێکەرەوەی ئایینی یارسانە) و ئەوسا بەشێکی زۆری ژیانی بە ڕێنمایی ژنان و وانەوتنەوە بردووەتە سەر، تا ساڵی ٧٤٥ی کۆچی لە دێی شێخان کۆچی دوایی کردووە. (بۆرەکەیی ٢٠٠٨، ل١٧٦).

لە ژیانی ئاساییدا خاتوو دایراک ژنێکی پارێزگار و لە خواترس بووە، کە لە سەدەی هەشتەم ژیاوە و لە دێی شێخاندا ماڵئاوایی لە ژیاندا کردووە و هەر لەوێ نێژراوە. دۆنی خاتوو دایراک یەکێکە لە ئەڵقەی (هەفت تەن)و یەکەمین ژنە کە بەشداری جەمی کردووە. لە دەورەکانی پێش خۆیدا چەندان دۆنی تری گۆڕیوە و هەر جارە و لە تەنێکدا دەرکەوتووە و زۆربەی

دۆنەکانی لە تێکستەکانی (سەرەنجام) دا دەناسرێنەوە. وەکو پیر مالکی کە یەکێک بووە لە بازنەی (٧٢) پیرە (ئەوانەن کە ڕۆحیان پیرۆزە کە ڕابەرایەتی خەلکی یارسانییان دەکرد لە ناوچەی جیاجیا،) وەکو لەم کەلامە ئاماژە بەوە کۆمەڵی رابەری یارسانی دەکات کە پێشتر لە دۆنی تر دا بوون وەکوو ڕەمزبار لە دۆنی فاتیمەی کچی پێغەمبەردا بووە، لە کەلامەکەی دەفەرمووێ:

سەراو دوو دەرە سەراو دوو دەرە بارگەی شام وستەن سەراو دوو دەرە
سەلمان بنیاما داود قەنبەرە پیر مووسی وەزیر کاکەی جابەرە
سەید مستەفا تیرش خەتەرە فاتمە رەمزبار سیرەش پەروەرە
خالید زەردەبام زەردیش جەخوەرە بیلال ئەیوەتەن مەرد هامشەرە

- **فاتیمەی زەهرا:**

فاتیمە بچوکترین کچی پێغەمبەری ئیسلامە دایکی ناوی خدیجەی کچی خویلدە، بە زەهرا بەناوبانگە، خێزانی خەلیفە(علی کوری تالیب)ە دایکی (حەسەن و حسینە و محسن و زینب و ام کلثوم)، ڕۆژی لە دایکبوونی زۆر قسەو باسی هەیە لە نێوان شیعە و سونەکانەوە لای شیعەکان لە ٢٠ جەمادی ساڵی پێنجەمی دوای ئیسرا و معراج لە دایک بووە لە (مەکە)، جێگایەکی گەورە و پیرۆزی هەیە لای موسلمانەکان و لای شیعەکانیش بە هەمان شێوە و زیاتر، بە پێی کۆمەڵێک فەرموودەی پێغەمبەر(محەمەد) فاتیمە پێگە و بەهای بەرزی پێدرا وە و ناسراوە بە سەنگینی و رەوشت بەرزی ، لەبارەی مردنی (فاتیمە) کۆمەڵێک بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر هۆکاری مردنی، کە ٢٩ رۆژ پاش مردنی باوکی پێغەمبەر(محەمەد) مردووە، دەکاتە مانگی جەمادی ١١(لجنە التحریر فی طریق الحق، ١٢٠٩هـ ق، ٩،١٠)

خاتوو دایراک کە دۆنی (فاتیمە ی کچی پێغەمبەرە) گەلێ کەلامی هەیە ، لە کەلامەکانی وا دەردەکەوێ کە ئەوینی(خۆشەویستی و مهرەبانی) بە گەوهەری کەلامەکانی زانیوە، وەک یارسانییەک بڕوای بە دۆنای دۆن هەبووە، بۆیە جۆرێ بەختەوەری مرۆڤی لە دۆنگۆریندا بینیو وە و ئەمەش وای کردووە هەرگیز لە مردن نەترسێ. بڕوای وابووە کە مرۆڤ دەبێ لە ڕێگای ئەویندا(خۆشەویستسدا) تێبکۆشێ و هەموو شتێکی ژیانی لەم پێناوەدا

بەخت بکات، وەکو ئەو عیشقە یەزدانییەی کە ڕۆحی حەلاجی کەمەرکێش کرد و گەیاندییە پەتی سێدارە! زۆربەی هۆنراوەکانی ئەو سەبارەت بە ڕێگاو ڕچەی ئایینی یارسانن، خاتوو دایراک لە تەنبوور ژەنینیشدا مامۆستا بووە و زۆربەی هۆنراوەکانی خۆی بە دەم ژەنینی نەوای تەنبوور خوێندۆتەوە. (هەورامی، ٢٠١١، ١٢٣).

وا لێرەدا هەندێ نموونە لە کەلامەکانی بە کورتی دەخەینە بەرچاو، لە کەلامی دوازدە دووخشتەکیدا لە (سەرەنجام)دا هاتووە:

بی وە قووەی دڵ، بی وە قووەی دڵ    عازیز ئەمر تۆبی وە قووەی دڵ
هەرچی فەرماوایت قبووڵەن قەبووڵ    نە لەوح یاقەەت ئاتەش کاکڵ
هەفتەوان چە نوور شاهباز عادڵ    پەر شەرت مێردان تۆ کەرد وە حاسڵ
پەرێ دەستگیریی یاران فازڵ    دووەم مەیلت کەرد عازیز وە مۆبەت
هەم ئەو هەفت نوورەن چێگات    کەرد موددەت جە پردێوەردا نیانت سوحبەت
(سەرەنجام، ٢٠٠٧، ٢٩٨).

واتە: (ئەی خۆشەویستەکەم، فەرمانی تۆ بۆتە هێزی دڵم، هەرچی دەفەرمی پەسەندی دەکەین، کاتێ کە دەکەومە بیری ڕۆژی بەرین دڵم بەجارێ دەپشکوێ و من شایەتی دەدەم کە تۆ لەم ڕۆژەدا هەفتەوانەت لە پردێوەر زهور کرد و بەڵێنت لە زاتی یاران وەرگرت، کە لە جیهاندا یاران بە چاکە ڕێنمایی بکەن، لە جیهانیشدا ئەوانت ئازادکرد تا دەستی یارمەتی بۆ خەڵک درێژ بکەن.ئەی خۆشەویستەکەم، چاکت کرد کە هەفتەوانەت لە قاڵبی مرۆڤدا دەرخست و لە شێخان دیوانی مەولات سازدا، کەوابوو هەفتا و دوو پیر دەبێ گیانی خۆیان لە ڕێی ئەواندا بەخت کەن و یاران سەریان ببە پیرەکان یارسان بسپێرن)

بەو پێیەی خاتوو دایراک یەکێکە لەو ئافرەتە ڕۆشن دڵانەی دارشتنی جەمی بەستبێت و بەشدار بووبێت تێیدا، بۆیە شوێن پەنجەی دیارە لە بەشێک لە پایە و مەرجەکانی ئایینی یارسان.(بۆرەکەیی ٢٠٠٨، ١٧٧).

٥. پیر موسی(پیر موسا) دۆنی (پێغەمبەر محەمەد):

پیر موسا یەکێکە لە یارانی سوڵتان سەهاک و لە سەردەمی پردێوەر ئەرکی دەفتەرداری لە ئەستۆ بووە، (فریشتەی تۆمارکردنی خێر و شەر) ، لەبنەڕەتدا خۆی (روکنودینی شامی) یە، وە لە سەرەنجامیشدا بە (پیر موساش) ناسراوە. بە پێی ئەم کەلامە پیر مووسا لە ساڵی ٦٣٩ ک لە وڵاتی شام لە ناو بنەماڵەیەکی کورد لە دایکبووە:

پەی سەنەی ساڵ پیر موسی گیلام    جە دەفتەر شەش صەد سی و نۆ وانام

واتە: بۆ ساڵی لە دایکبوونی پیر مووسا گەڕام، لە دەفتەردا ساڵی ٦٣٩ م خوێندووە.

پیر مووسا هەر لە وڵاتی شام خوێندوویەتی و دوای تەواو کردنی خوێندنی چۆتە شارەزوور، لەوێشەوە چۆتە لای سوڵتان (سهاک)، بۆتە نووسەر و دەفتەرداری ، پیر مووسا عاریفێکی زۆر گەورە بووە زیاتر باسی لە (شەریعەرت، تەڕیقەرت، حەقیقەت) کردووە. (بورەگەیی، ٢٠٠٨، ٢٦٩،٢٧٠)

- به پێی دۆنای دۆنی ئایینی یارسان دۆنی پیر موسی (موسا) ڕۆحی پێغەمبەری ئیسلام (محمد کوری عەبدولله)یە:

(محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی عەبدول موتەلیب)، موسڵمانان دایدەنێن بە پێغەمبەری خوا، و لەو باوەڕەدان کە کۆتایی پێغەمبەرەکانی خوایە، لە مەککە لە دایک بووە لە مانگی ڕەبیعولئەولی ساڵی فیل، بەرامبەر ساڵی ٥٧٠ زاینی، پێش ئەوەی لە دایک بێت باوکی کۆچی دوایی کردوە و هەر لە منداڵیشدا دایکی کۆچی دوایی دەکات، محمد پێغەمبەر پەروەردە دەبێت لای عەبدول موتەلیبی باپیرەی، پاشان لای ئەبو تالیبی مامی گەورە دەبێت، کە لەو ماوەیەدا خەریکی شوانی ئەبێت، پاشان بازرگانی ئەکات، لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا ژیانی هاوسەری پێک هێناوە لەگەڵ (خەدیجە)ی کچی خوەیلد). هەموو منداڵەکانی لەو بووە بێجگە لە ئیبراهیم. موسڵمانان لەو باوەڕەدان کە وەحی بۆ دابەزیوە لەتەمەنی چل ساڵیدا، پاشان سێ ساڵ بە نهێنی بانگەوازی بۆ پەیامی ئایینەکەی کرد، و لە ساڵی ٦٢٢ز کۆچی کرد

بۆ شاری مەدینە کە ناودەبرا بە (یەسرب)، دە ساڵی کۆتایی ژیانی لە مەدینە بەسەر برد بە بانگەوازی ئیسلامی، وبناغەی شارستانی ئیسلامی دانا، کە دواتر مەککە وهەموو شار و هۆزە عەرەبیەکانی گرتەوە، کە بۆ یەکەم جار عەرەبی یەکخست لەسەر یەک ئاینی یەکتاپەرستی ولە دەوڵەتێکی یەکگرتوودا (صلابي، ٢٠٠٩، ٧-٢٠).

لە تێکستەکانی (بارگە بارگە)ی سەرەنجامدا هاتووە:

سێیەم محمەد زاتی ئیسرافیل

ڤە فەرمنای هەق جەباری جلیل

لەم کەلامەدا بۆمان ساغ دەبێتەوە کە لە ئایینی یارساندا دۆنی پیر موسا بە دۆنی پێغمبەر محەمەد دەناسرێ، کە لە بنەڕەتدا دۆنی ئیسرافیلە.

لە نێو تێکستەکانی یارسان کەسایەتیەکی پیرۆزە، وەکو لە تێکستەکانی پیرنازداری شیرازی کە یەکێکە لە بازنەی (٧٢ ) پیرە و باسی گەورەیی ئەم زاتە دەکات دەڵێ:

یاران یاوەران ڕای هەق ڕاسیە پاکی و دروستی و ڕەدا خاسییەن

هەر کەس وێش ناسا محەمەد ئاسا بێ شک ئەو کەسە مەولای شناسا

واتە : یاران و یاوەران مەبەستی یارسانەکانە، ڕێگای ڕاستی دەتان گەیەنێ بە حەقیقەت. لە ڕێگای (پاکی، ڕاستی، چاکە، خۆنەویستی)وە، هەر کەسێک وەکو مەحەمەد خۆی ناسی ئەوە بێگومان خوای گەورەشی ناسیوە (ڕۆستەم، ٢٠٠٦، ١٣٧).

٦. لە ئایینی یارساندا بە پێی تێکستەکانی سەرەنجام دۆنی (بابایادگار) لە بنەڕەتدا دۆنی (حوسێی کوری عەلی) یە:

بابا یادگار لە نێو ئایینی یارساندا یەکێکە لە هەفتەن واتا کەسایەتیەکی پیرۆزی هەیە، بە شێوەیەکی پەرجوو بە دونیا هاتووە. لە پردیوەر پیر میکایل داودانی کچێکی خۆی بۆ سوڵتان سەهاک دێنێ بۆ خزمەت کردنی جەم. دوای بەستی جەم لە پردیوەر و ئادا کردنی هەنار، دوای ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی جەم و نزاکردن (سارا) بۆ خاوێن کردنەوەی جەمخانەکە دێت،

دەنکە هەنارێک  لە زەوی دەبینێ و دەیخوا. سارا بە خواردنی ئەم دەنکە هەنارە دووگیان دەبێت بە بابا یادگار، بۆیە سولتان سەهاک بریاردەدات ئەو منداڵە بسوتێنن، ئەوانیش بریارەکەی جێبەجێ دەکەن و منداڵە دەخەنە نێو کورەی ئاگرەوە.  دوای سێ ڕۆژ سەری کورە هەڵدەنەوە منداڵەکە سڵاویان لێ دەکات، لەم بارەوە کەلامێک هەیە باس لەم پەرجووە دەکات:

یادگار یار ئەوسا بیش زهور          پەرێ نیشانە نیاش نەتەنوور
نیاش نەتەنوور نە شەرارەی نار          فەرمان داود سەر تەنور بنیار

سێ ڕۆژ سەبرش کرد داود ڕەهبەر          ..........

لە ساڵی ٧٦١ لە دایکبووە، ماوەیەک لەژێر دەستی سوڵتان سەهاک پەروەردە بووە و خوێندوویەتی، پاشان لەسەر فەرمانی سوڵتان سەهاک دەچێتە هیندستان و پاکستان بۆ زیاتر شارەزا بوون و  وبڵاوکردنەوەی ئایینەکەی، دوای ئەوە گەڕاوەتەوە دێی شێخان، لە گوندی (تەشار) کانیەکی هەڵکەندووە و بەناوی غەسلان، ئاوی ئەم کانییە لای یارسانەکان پیرۆزە وەکو ئاوی کەوسەر. دواتر چۆتە ناوچەی (سەرانە)، ماوەیەک لەوێ دەمێنێتەوە و نەیارەکانی پلانی بۆ دادەنێن و لەسەر  بیروباوەرەکەی خۆی شەهیدکراوە (بورەگەیی، ٢٠٠٨، ١٨٤).

لە کەلامەکانی بابایادگاردا وا دەردەکەوێت ڕۆحی ناوبراو لە ئەنجامی دۆنایدۆندا چەندان جەستەی گۆڕیوە لەسەردەمێک دۆنی حەزرەتی یوسف بووە وەکو لەکەلامەدا دەردەکەوێت:

نوور ئیمان بیم نوور ئیمان بیم
یادگارەنان نوور ئیمان بیم
یوسف فەرزەند پیری کەنعان بیم

واتە (من یادگار و نووری ئیمان بووم، یوسفی کوری کەنعان بووم.....)

جگە لەوە لە چەند کەلامێکی تردا دەردەکەوێت جاریکی تر لە دۆنی حەزرەتی حوسێن کوری عەلیدا بووە

- **ژیاننامەی حوسێنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبووتالیب:**

حسـێنی عەلـی کـوڕی ئەبووتالیـب و دایکـی نـاوی (فـاتمە) کچـی محەمـەد پێغەمـبەری ئیسـلام. لە ئەهلـی بەیـت و ئیمـامی سـێیەمی شـیعەکانە. لە تەمەنـی منـداڵی و گەنجـی دا حوسـێن لە شاری مەدینە ژیانی بەسەر بردووە. لە ڕۆژی ١٠ موحەڕرەمی ساڵی ٦١ی کۆچی و لە تەمەنی ٥٦ ساڵی لە عیراق شەڕی (کەربەلا) کوژرا (الصلابي، ٢٠٠٨، ٣-١٥).

وەکو لەم کەلامە ئاماژە دەکات کە بابا یادگار دۆنی حەزرەتی حوسێنە:

یاردگاری یار یادگاری یار　　دەخیلەن ئامان یادگاری یار
یازاتی زاتپاکی سەرداری سەرکار　　نازی ناز ڕەواج نە پەروەردگار
ڕەڤاجی هەر دین سەر هەڵقەی شاهان　جەمشید جەم بەن شۆن بەڕی ڤاهان
ئیرجی یەحیا سیا ڤەخەربەلا تەی

(سەرەنجام دەورەی هەفتەوانە، ١٩٩)

جگە لەوە لە دەورەی هەفتەوانە سولتان سەهاک ئاماژە بە دۆنی بابا یادگار دەکات دەڵێ:

هەفتەوانەمەن جاگیر جایی　　حەسەنم مەبۆ نەجای ئەز شایی
حوسێنم مەبۆ یادگار یایی　　حەسەن ئیبراهیم تەخت بەغدایی

(سەرەنجام، دەورەی هەفتەوانە،

لە سەرەنجامدا هاتووە بە پێی ئەم کەلامە، سان سەهاک ئاماژە بەوە دەکات کە هەفتەوانە جێنشینی ئەون، هەروەها باوە یادگاریش پێشتر دۆنی (حوسێنی کوری عەلییە)

مەزارگەی پیرۆزی بابا یادگار ئەمڕۆش یارسانییەکان زیارەتی دەکەن و دەکەوێتە ناوچەی (سەرانە) لە چیای داڵەهۆ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان.

٧. مووسا پێغەمبەر ( دۆنی کاکە عابدین و کاکە نوسێر و مەولانای ڕوومی و حەسەن مەمەندە)

موسا پێغمبەری جووەکانە وە لە ئایینی یارسانیشدا بە پێی تێکستەکانی سەرەنجام لەم دۆنانەش دەرکەوتووە(**دۆنی کاکە عابدین و کاکە نوسێر و**

**مەولانای روومی و حەسەن مەمەندە).**

موسا پێغەمبەر ناوی تەواوی موسا کوڕی عومران کوری فتهیتی کوڕی لاوی کوڕی یەعقوبی کوری ئیسحاقە، لە خێزانەکەیدا براو خوشکێکی هەبووە بە ناوەکانی(هاروون و کەلسوم)، لەسەردەمی فیرعەونەکاندا ژیاوە و رۆڵی کاریگەری بینیوە لە بواری دادپەروەری کۆمەڵاییەتی و ڕزگارکردنی جووەکان لە ژێردەستی فیرعەونەکان، جووەکان بە مووسای مامۆستا ناوی دەبەن، لە ناو ئیسلامیشدا یە کێکە پێغەمبەرە شکۆمەندەکان لە قورئاندا ١٣٦ جار (زیاتر لە هەموو پێغەمبەرانی تر) ناوی هاتووە و کتێبەکەی بە ناوی تەوراتە. لە تەمەنی ١٢٠ ساڵی لە فەلەستین کۆچی دوای کرد.( حبیب اللە، ٢٠٢٠، ٨-١٤).

موسا لە دۆنی چەندان ڕابەر و پێشەوای مەزنی ئایینی یارسان دەرکەوتووە، بە نمونە

بە پێی کەلامەکانی سەرەنجام وەکو لە کلامەکەی نوسێردا دەفەرموێت:

یۆرت مەنزلش وە خێر بێ وە ڕیب
ئاگاه بی وە دۆن شوانەی شعەیب

واتە(بەخێر دۆنی خۆی بە بێ گومان بۆ ئاشکرابوو کە شوانەی شوعەیبە یانی کاکە نوسێر دۆنی موسایە کە بۆتە شوانی شوعەیب)

لێرە مەبەست لە شوانەی شوعیەب، پێغەمبەری جووەکانە، نوسێر یەکێکە لە فریشتەکانی نێو ئایینی یارسان) کە لە خوارەوە زیارت تیشکی دەخەینە سەری.

کاک نیعمەت لە دەورەی بابا ناوس دا باسی عەساکەی مووسا دەکات دەڵێت:

تیغت زولفقارە چا شکلە و عاستان
عاستان ڕەواجکەر ڕای دین مووسان
گاه تێغت چون دار گاهێ ئەژدیهان
ئەژدیهات ئەڵماس مەودای زولفیقار

واتە( تیغەکەت زولفقارە کە لە شێوەی دار دەست دایە، دار عەساکەی مووسا پێغەمبەرە کە هەندێ جار بە شێوەی مار پیشانی دەدا و لەو ڕێگایەوە زۆر کەس ئیمانی بە ئاینەکەی هێنا ئەژدیهاکەیشت ئەڵماسە کە تیژی زولفیقارە). (کاکەیی،٢٠١٣، ٥١٦_٥٧١)

لە ئایینی یارساندا کۆمەڵێ ئەفسانە و کەلام و سەربردەی ئایینی و کۆچ بەتایبەتی ئاماژە دەکەن بە دۆنی موسا، هەروەها لە کتێبی (کۆچی یاری) لە کۆکردنەو و ڕاڤەکاری (هەردەوێل کاکەیی) ئاماژە کراوە بە پێگەی پیرۆزی دۆنی موسا. تا ئەمڕۆش لە کۆری جەم و باسکردنی دەماو دەمی ڕۆحە پیرۆزەکان لە ئایینی یارساندا سەروەری دادەنێن بۆ پێغەمبەر موسا.

کاکە نوسێر

کاکە نوسێریش یەکێک لە فریشتەکانی ناو ئایینی یارسان، کۆمەڵێ کەلامی پیرۆزی هەیە، کوڕی

شێخ نەزیرە، ناوی دایکی نەسرەت خانمە، لە نێو ئایینی یارساندا پێگەیەکی پیرۆزی هەیە، سەربردەیەکی موعجیزە ئاسای هەیە کە لە کەلامەکەی بابا ناوسدا دەفەرموێ:

ددای نوسێر بیت نا بەڕ مەکامنا

نامێت بی نەسرەت ئەزەت مێما

ئەزم ئا عەلی شاھ مەردانا

مانگات پەری ئەز کەرد وە قوربانا

شێخ نەزیر شویت بی وستمە و زندانا

واتە: تۆ لەو دەشت و شوێنەدا دایکی نوسێر بوی لەوزێ ناوت نەسرەت بوو، منیش عەلی شای مەردان کە بووم بە میوانت و مانگاکەت بۆ سەر بریم، من شێخ نەزیری مێردتم فریادایە زیندانەوە لەسەر خراپەکاری). لە ئایینی یارساندا ڕۆحە مەزن و پیرۆزەکان خاوەنی موجیزە و هێزی سەروو ئاسا بوونە کاکە نوسیریش وەکو ڕۆحێکی مەزن موجیزەی خۆی نواندووە.

**پێغەمبەر موسا لە سەردەمێکی تردا لە دۆنی کاکە عابدینی جافدا دەردەکەوێت:**

کاکە عابدینیی جاف بە پێی کتێبی پیرۆزی سەرەنجام لە ساڵی ۷۲۰ کۆچی لە شارەزوور لە دایک بووە هەر لە شارەزووردا چۆتە بەر خوێندن و هەر لەوێ مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە،(بورەکەیی، ۲۰۰۸، ۳۰۱) کاکە عابدین کە چاودار دەبێت خۆی دەناسێتەوە کەلامی هەیە لە نێو سەرەنجام دۆنی خۆی دەردەکەوێت کە دۆنی کاکە نوسێرە، کە ئەمیش هەر دۆنی موسایە، بە پێی چەندان کەلام کاکە عابەدینە دۆنی خۆی و یارانی هەفتەوانە و مەولا دەناسێتەوە، بۆیە واز لە ئاینی ئیسلام دەهێنێت سەر دەسپێرێ بە ئاینی یارسان، لەم کەلامەی دەدەرکەوێت کە دۆنی کاکە نوسێرە:

لە نوسەیریم ڕهبەرم بووی تۆئی قەمبەر

من خۆشیمە بە تۆ ، تۆ خستۆمتە چەمەر (کاکەیی،۲۰۱۳، ٤١٦)

کاکە نوسێر لە نێو ئاینی یارساندا جگە لەوەی کە کەساییەتیەکی پیرۆزە، لە کۆچەکانی کە لە کتێبەکەی هەردەوێل کاکەیی ئاماژەی پێدەکات لە لاپەرە( ٤٠٧،٤١٦ ) ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە دەبێ نمونەی کەسێکی باش وەکو کاکە نوسێر کە چاو تێر و داوێن پاک و میوان دۆست و بێ پەیمان نەبێت.

جگە لەمانە ژمارەیەک لە کەساییەتیە گەورەکانی سەردەمە دێرینەکان و فەیلەسوفان لە کەلامەکانی بارگە بارگە دەدەدەکەون و دۆنیان لە کەساییەتیە پیرۆزەکانی ئاینی یارساندا هەیە وەکو:

١.ئەفلاتۆن بەپێی تێکستەکانی سەرەنجام لە ئاینی یارساندا دۆنی (پیر بنیامین) ە:

وەکو لەسەرەوە ئاماژەمان بە پیر بنیامین داوە کە لەسەردەمی شانامەدا دۆنی ڕۆستەم بووە، و نوری خودای تێدا جێگیر بووە و لەدەورەیەکی تردا دۆنی پێغەمبەر زەردەشت دا بووە.

ئەفلاتۆن یەکێکە لە لە فەیلەسوفە بەناوبانگە پر بەرهەمەکانی قوتابخانەی فەلسەفەی یۆنان، کە لە ساڵانی ٤٢٧ پ. ز بۆ ٣٤٧ پ. ز ژیاوە، ناوی تەواوی (ئەرتوکلیس بن ئەرستون)ە لە ئەثینا لە نێو خێزانێکی دەوڵەمەند و

ناوداری لە دایک بووە، کۆمەڵێ نووسینی فەلسەفی هەیە ، قوتابی سوقرات بووە و دەوری بنەڕەتی هەبووە لە نووسینی هزری فەلسەفی سوقرات وە گەشە پێدانی، ئەفلاتۆن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداری لە سیاسەت نەکردووە، بەلام بیرو باوەرەکانی کاریگەریکی زۆری هەبووە لەسەر نیزامی سیاسی، دوای ئەوەی لەگەڵ سوقرات پەیوەندیەیەیان دەبێتە مەترسی، بۆیە بڕیاردەدات ئەسینا بەجێ بهێڵێت و کۆچەکەی ١٢ساڵی خایاند لەو ولاتانەی کە تێدا گەشتی کردووە و گەشەی بە زانیارییەکانی خۆی داوە ئیتالیا و سقیلیە و مسر و قەیروان بوو، لە کاتی گەشتەکانی بەرهەمەکانی نووسیوە و نووسینەکانی کاریگەری سوقراتیان پێوە دیارە، جیا لە فەلسەفە لە چوارچێوەی ئەدەبیاتدا بەرهەمێکی گرنگی هەیە، فێرگەیەکی بە ناوی (ئەکادیمیا) دامەزراند، بۆ یەکەمجار فەلسەفەو زانستەکانی تێدا خوێندرا، نووسینەکانی ئەفلاتون بۆ چەندان سەدە کاریگەرییەکی زۆری لە دوای خۆی بەجێهێشت، ئەم کارەش بە گشتی بەهۆی ئەوە بووە کە فەلەسەفەی ئەفلاتۆن بە باشی لەگەڵ مەسیحیەتدا تێکەڵ بوو، زیاتر دۆخی ژیرانەی بە مەسیحیەت بەخشی. بە بڕوای ئەفلاتۆن ڕۆحی مرۆڤ لە سێ بەشی جیاواز پێکهاتووە، (بەشی ژیر کە لە ژێر سێبەری ڕۆشنگەری دا دێت، بەشی ئازایەتی کە بەدوای والابوونەویە، بەشی سێیەم ئارەزووەکان بە دوای دامرکانەوەی خۆیانن).

ئەفلاتۆن لە تەمەنی ٨٨ ساڵیدا مردووە و بیروڕای جیاواز هەن لەسەر ساڵی مردنی، لە دوای مردنی کۆمەڵی بەرهەمی گرنگی بەجێماوە لە بواری پەروەردە و ڕامیاری و گرنگترین بەرهەمی کۆماری ئەفلاتۆنە (ستراتێرن،٢٠١٠، ١٣_٥٢).

لە ئایینی یارساندا دۆنای دۆن گرنگیەکی تایبەتی هەیە، بە پێی تێکستەکانی سەرەنجام ڕۆحە مەزنەکان دۆنەکان دەورە بە دوای دەورە لە ڕێگای پەیامەکانیانەوە ڕێنمایی دەدەن و مرۆڤاییەتی بگەیەنن بە کەمال و نوری یەزدان، لەم بارەوە ئەفلاتۆن یەکێکە لەو ڕۆحانەی کە ڕۆڵی کاریگەری بینیوە لە سەردەمەکەی خۆی و لە ناو ئایینی یارسانیشدا بە پێی تێکستەکانی

سەرەنجام دۆنی پیر بنیامینە وەکو ئەو کەلامەی پیر تەیاری خورسانی لە بارگە بارگەدا باسی دۆنی ئەفلاتۆن دەکات دەفەرموێت:

بنیام ئەفلاتۆن حەکیمی دارا          داود ئەرستۆ مەعریفەت کارا

لوقمان پیر موسا ئەشیا پێش وارا    نورش وە درەخت سوز مەوو جارا

(ڕۆستەم،٢٠١١، ١٦٠، ١٧٠)

ڕۆحی ئەفڵاتۆن هەڵگری دۆنی پیر بنیامینە، وەکو لە پێشەوە تیشکمان خستە سەر پیر بنیامین کە سوڵتان سەهاک وەکو پیری خۆی سەری پێی سپاردووە.

٢. ئەرستۆ بە پێی کەلامەکانی سەرەنجام لە ئایینی یارساندا دۆنی (داوودی کەوەسوار) ە :

ئەرستۆ یەکەمین و گەورەترین بیرمەندی هەمەلایەنەیە، ئەرستۆ پەنجەی خستۆتە سەر هەر زانستێک ئەوا گۆڕانی تێدا کردووە، بە دامەزرێنەری لۆژیک دەژمێردرێت، ئەرستۆتالیس لەدایک بووی ٣٨٤ ی پێش زاینە، لە ساڵی ( ٣٢٢ ) پێش زایین کۆچیدوای کردوە، ئەرستۆ مامۆستای ئەسکەندەری گەورە و قوتابی ئەفلاتوونە.

ئەو لەگەڵێک بواردا بەرهەمی هەیە (شیعر، فیزیا، ئەتایستی، مۆسیقا، شانۆ، هونەری گفتوگۆ، زانستی زیندەوەرناسی، هەروەها زانستی ڕەوشت و بەڕێوەبرن و سیاسەت). ئەرستۆ یەکەمین کەس بوو، کە پرۆژەی گشتی فەلسەفەی ڕۆژئاوای دامەزراند، ئەویش بریتی بوو لە فەلسەفەی ڕەوشت و زانستی جوانی، هەروەها زانستی سیاسی، پاشانیش زانستی میتافیزیا.

بەکورتی بەتایبەت ڕۆژئاوا، جیهانیش بەگشتی خۆیان بە قەرزاری ئەرستۆ دەزانن، وای دەبینن کە هەرچی زانست و پێشکەوتن لە بوارە جیاوازەکاندا کە هەیە، لە چاوی ئەرستۆو ئەفلاتوونی دەبینن. لە (ئەستاگیر) لە باکوری یۆنان لە دایک بووە، باوکی نیکوماخوس، پزیشکی تایبەتی پاشای مەقدۆنی باپیری ئەسکەندەری گەورە بووە، لە خێزانێکی دەوڵەمەند ژیاوە و دوای مردنی باوکی سامانێکی زۆری بۆ بەجێماوە و دوای سەرفکردنی چوو بۆ

سەربازی دوای گەڕانەوەی دەستی بە خوێندنی پزیشک کردووە، دوای سێ ساڵ لە خوێندنی پزیشکی وازی هێناوە و چۆتە ئەکادیمیای ئەفلاتۆن دەستی بە خوێندن کردووە ، دوای مردنی ئەفلاتۆن سەرۆکی ئەکادیمیا خاڵی بوو، کورە مامی ئەفلاتۆنیان هەڵبژارد بۆ ئەم شوێنە، بۆیە ئەرستۆ زۆر دڵگران و بێزار بوو دوای مردنی ئەویش دیسانەوە سەرۆکی ئەکادیمیا بە ئەرستۆ نەدرا، ئەوجارە ئەرستۆ خۆی قوتابخانەیەکی دامەزراند بە ناوی (لیسئوم) کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە، کە چەندان بابەتی جۆراوجۆر لەم قوتابخانەیە دەخوێندران، دەبێتە مامۆستای تایبەتی ئەسکەندەری گەورە لە ساڵی ٣٤٣ پ.ز ، دوای مەرگی ئەسکەندەر جموجۆڵ و هەستکردن بە دژە مەقدۆن لە ئەسینا وا لە ئەرستۆ دەکات رابکات لە (خاکلیس لە جەزیرەی ئوبوئیا) نیشتەجی دەبێت، لە تەمەنی ٦٣ ساڵی ٣٣٢ پ.ز کۆچی دوایی دەکات (ستراتیرن، ٢٠١٠، ٩-٧٦).

بۆ تێگەیشتن لە فەلسەفەی دۆنای دۆن پێویستە خوێندنەوەی قوڵمان هەبێت لە ئایینی یارساندا، کە ڕۆحی هەر مرۆڤێک دەورە بەدوای دەورە دۆن دەگۆڕێ و بە پێی گفتار و کرداری کەسەکە بەهای ڕۆحی مرۆڤەکە لە دۆن گۆڕین بەرز دەبێتەوە.

لەسەردەمی پردێوەر داودی کەوەسوار پێگەیەکی بەرز و پیرۆزی هەیە یەکێکە لە فریشتەکانی سوڵتان سەهاک و وە پلەی دەلیل بووە ڕێنمایی هەموو بڕواداریکی یارسانی دەکات.

پیر داودی کەوەسوار بە پێی نامەی سەرەنجام، لە ناوەراستی سەدەی هەشتەمی کۆچی لە دێی دەودان لە دایک بووە، هەر لە مندالیەوە هەر لەم دێیە خوێندوویەتی، پاشان چۆتە دێی شێخان و لە لای سوڵتان سەهاک ماوەتەوە، پلەی (دەلیلی) پێدراوە، لە ڕێ ورەچەی یاری (دەلیل) ئەو کەسەیە کە ئەوانەی وا لە پاشاو پیر دێنە سەر رێ و ڕەچەی یاری ڕێنماییان دەکات ئەوسا بە پیر سەریان دەیانسپێرن. پاشان گەڕاوەتەوە دەودان، چۆتە سەرپیلی زەهاو و ژیانی بە ڕێنوێنی خەلک بردۆتە سەر تا ساڵی ٧٩٨ کۆچی

کۆچی دوایی کردووە، لە گەلی داودان خاک نێژراوە، لە نزیک سەرپێلی زەهاوە.

پیر داود گەڵێ کەلامی بە شێوەزاری گۆرانی بە جێ ماون، زۆربەیان سەبارەت بە ڕێ و ڕەچەی یاریین (بورەگەیی، ٢٠٠٨، ١٦٧،١٦٨).

پیر تەیاری خورسانی لە بارگە بارگەدا باسی دۆنی ئەرستۆ دەکات دەڵێ:

بنیام ئەفلاتۆن حەکیمی دارا　　داود ئەرستۆ مەعریفەت کارا

لوقمان پیر موسا ئەشیا پێش وارا　　نورش وە درەخت سوز مەوو جارا

بە پێی ئەو کەلامانە باس لە دۆنی ئەفلاتۆن کراوە کە دۆنی پیر بنیامینە، ڕەوانی ئەرەستۆ چۆتە دۆنی داود.(ڕۆستەم، ٢٠١١، ١٦٠،١٧٠) واتە لێرەدا ئەرەستۆ مرۆڤێکی ژیر و وریا و زانا بووە. لە کتێبەکەی کۆچی مامۆستا هەردەوێل کاکەیی باسی کۆچێک دەکات کە لە نێوان (لوقمان حەکیم و ئەرەستۆ ڕوویداوە)، وا ڕێک دەکەون کە یەکتر تاقی بکەنەوە لە زیرەکی و دانانیی پزیشکی، بۆیە دوای ئەوەی لوقمانی حەکیم ژەهرێک ئامادە دەکاو بۆ ئەوەی دەرخواردی ئەرستۆ بدات دوای خواردنی ئەرستۆ بەشێوازێک خۆی رزگار دەکات  بە وەی دۆشاوی خورما لە خۆی هەلسوی و داوی ئەوە مێش و زەردەواڵە لێی دەئالێن و گیانی بریندار دەکەن و بەم جۆرە چارەسەر دەبێت، بەلام کاتی لوقمانی حەکیم دێ دەچێت بە دزییەوە تەماشای ئەرستۆ دەکات بۆ ئەوەی بزانی چ ژەهرێکی بۆ ئامادەدەکات، بەلام ئەرستۆ دەچێت هەوانێکی گەورە دەهێنێ و لبادێکی تێدەکا و هەموو ڕۆژێ دەیکوتێ بەدەم هەوان کوتینەوە دەڵێ: لوقمان وا خەریکە دەرمانێکی نایابی کوشەندەت بۆ دەسازێنم خۆت بۆ مەرگ ئامادە بکا، لوقمان هێندە خەم دەخوا دڵی لە لێدان دەکەوێ و دەمرێت)(کاکەیی، ٢٠١٣، ٤٦٦_ ٤٦٧)

٣. لە ئایینی یارساندا بە پێی کەلامەکانی سەرەنجام ڕۆحی فیرعەون دۆنی (قەرقەرەی بن مەرمەرەیە):

فیرعەون کوڕی وەلیدی کوری مەسعەبە پاشای وڵاتی میسر بوو، ڕەمسیسس دووەم بوووە، یان پێیان وتوە ڕەمسیسی گەورە، موسا لە

زەمەنی ئەودا لە دایک بووە لە کۆشک و تەلارەکانی ئەو گەورەکراوە لە لایەن ئاسیای خێزانی بەخێوکراوە، بە خودای میسریەکان دەژمێردرا، دەستەواژەی فیرعەون واتا (پاشا یان دەسەلاتداری ڕەها بووە، لە سالانی ١٢١٣_ ١٣٠٣ پ. ز ژیاوە، کە دەگاتە نزیکەی ٩٠ سال ژیاوە، بۆیە میسریە کۆنەکان بە ڕەمسیسی گەورە ناویان ناوە، وە ٦٠ سال حوکمی میسری کردووە، ژنەکەی ناوی ئاسیای کچی موزاحیمە، فیرعەونەکان لە نەوەی سامییەکانن قیبتین، لەکاتی خۆیدا خەلکێکی زۆریان چەوساندۆتەوە، دەسەڵاتێکی فراوانی سیاسی و ئاییینی هەبووە. (بهجت،١٩٨٨، ٧_١٠)

( قەڕقەڕەی بن مەرمەرە) لە نێو ئاییینی یارسان ئەفسانەیەکی موعجیزە ئاسا هەیە کە برواداران ئاییینی یارسان بە پیرۆزی دادەنێن بە ناوی (ماسی گەواهی) دەدا، ئا لەوێدا ئاماژە بە قەرقەرەی بن مەرمەرە دەکات، کە کاکە نوسێر (دۆنی موسا پێغەمبەر)ە پرسیار لە ماسیەکە دەکات ئێوە کێن؟ دەڵێن: ئێمە (قەرەقەرەی بن مەرمەرەین)، کاکە نوسێر دووبارە پرسیاریان لێدەکاتەوە، ئێوە کێ پاشاتانە؟ ماسیەکانیش دێنە قسە و دەڵێین : ئەو زەمانەی نە شەو بوو نە ڕۆژ شامان عەلی بوو، هەر ئەویش پاشامان بوو، لەو دەمەدا خودا لە دورەکە خۆی ئاشکرا کرد ڕۆشنایی هێنا کایەوە، کە عەلی لەو ئەفسانەیە وەسفی قەرقەرەی بن عەرەعەرەی بن مەرمەرە دەکات و دەڵێ: چاوی چەپی کوێرە، هاتنی نوسێر بۆ کەنار دەریا و پرسیارکردنی لە ماسیەکە و وەڵامی ماسیەکە (قەرقەرە) تێکرای زنجیرەی ڕووداوەکان بوە هۆکاری ئەوەی نوسێر کە پێی دەڵێن عەلی هەڵگری دۆنی مەولایە و خاوەنکار، چاوی دەکرێتەوە و لەبەرامبەر ڕاستیەکان بووە، گەیشتە پێگەی چاودارێر لە درێژەی ئەفسانەکە ئاماژە بە کەلەکەبازی پێشتری و تەختی جێگەی نەرمی قەرقەرە دەکات، هەر ئەو کاتەش دۆنی خۆی بۆ ئاشکرا دەبێت کە دۆنی موسا پێغەمبەرە، کە قەرقەرە ئاماژە بەوە دەکات کە تۆ سەبەب کاری ئەوە بووی کە من کەوتومەتە ئەو شوێنە، هەر لەوێدا ئاماژە بە ئەوە دەکات کە عەلی کە ڕۆحی خودایە لێی خۆش بێت هیچیتر گوناح ناکەم.

ئەفسانەکەش دەڵێ:

(ڕۆژێک حەزرەتی عەلی خۆی ئامادە دەکات بۆە جەنگ، لە قوژبنێک بینی پیرەژنێک بۆ کوڕەکەی دەگری کە لەگەڵ حەزرەتی عەلی دەچێت بۆ شەڕ، حەزرەتی عەلی متمانەی پێدەدات، کە کوڕەکەی بە سەلامەتی بێتەوە، شەوێک لە بزاڤی لەشکرەکەدا ڕێگای لێ ون دەبێت، حەزرەتی عەلی بە کوڕی پیرەژن کە ناوی( نوسێر دۆنی موسا پێغەمبەرە) دەڵێ کە بە قەراغی رووباری هاوسێ بڕۆ لە یەکێ لە ماسییەکان پرسیار بکە لە ناوی قەڕقەڕە بۆ دۆزینەوەی ڕێگای دروست، کاتێ کوڕەکە دەگاتە کەناری ڕووبارەکە بانگی قەڕقەڕە دەکات، کۆمەڵێ ماسی سەر لە ئاو دەردەهێنن و دەڵێن: ئێمە هەموومان قەڕقەڕەین! بەڕێزتان مەبەستان کامە قەڕقەڕەیە؟ کوڕەکە بە ناچاری دەگەڕێتەوە لای حەزرەتی عەلی و ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە، حەزرەتی عەلی دەڵێت بڕۆ بڵێ قەڕقەڕەی کوڕی مەرمەرە، کوڕەکە دەگەڕێتەوە لای ماسییەکان دەڵێ قەڕقەڕەی کوڕی قەڕەم مەبەستە، پێویستە ڕێگای ڕاست و دروستم نیشانبدەن، قەڕەی کوڕی قەڕقەڕە دێتە وەڵام و دەڵێ: کەسێک کە باوک و بنچینەی ماسییەک بزانی چۆن ڕێگای دروست نازانێ، بەم شێوە قەڕقەڕەی کوڕی قەڕقەڕە گۆڕانێکی گەورە لە کوڕەکە دروست دەکات، بە پەلە دەگەڕێتەوە لای عەلی بە بێ ترس هاوار دەکات تۆ کردگاری، بەڵام حەزرەتی عەلی سەری دەپەڕێنێت و دەیکوژێ، بەڵام بەڵێنەکەی ئەو پیرەژنەی بە بیر هاتەوە کە مناڵەکەی بە ساغ و سەلامەتی بۆی دێنێتەوە، ناچار زیندووی دەکاتەوە ، پاش زیندوو بوونەوە کوڕەکە دووبارە هاوار دەکات و دەڵێ: ئەگەر یەکەم جار تۆم بە کردگار زانی، هێشتاڕووداوی کوشتن و زیندووبوونەوەم نەدیبوو، بۆیە ئێستا هیچ گومانم نەماوە کە تۆ کردگاری) (تاهیری، ٢٠٠٩، ٦٤).

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ماسیەکە قەرقەرەیە و دۆنی فیرعەون و کاکە نوسێریش دۆنی موسا پێغەمبەرە، لە کەلامەکانی بارگە بارگەی ٧٢ پیرەدا دەفەرموێ:

ها یۆرت فیرعەون جامە و قەرقەڕی
ویش کەرد وە خودا شاهو شەهپەڕی (کاکەیی، ٢٠١٢، ٤٧٠)

٤. ئەسکەندەری مەکدۆنی بە پێی کەلامەکانی سەرەنجام لە ئایینی یارساندا دۆنی سوڵتان سەهاکە:

ئەسکەندەری مەقدۆنی زۆر نازناوی هەبوو( ئەسکەندەری گەورە، مکدۆنی ، زولقرنین) ئیمپراتۆریەتی یۆنانی گەورە بوو ، سەرکردەیەکی دادپەروەر بوو، قوتابی فەیلەسوفی گەورەی یۆنانی ئەرستۆ بوو، بەهێزترین سەرکردەی یۆنان بوو، کە توانی زۆربەی ناوچەکان داگیر بکات، لە دەریای ئەیۆنی رۆژئاواوە تاکو زنجیرە چیاکانی هیمالایا، لە بیلا یان پیلای یۆنان لە ساڵی ٣٥٦ پ. ز لە دایک بووە، دوای باوکی دەسەلاتی گرتە دەست و لە چەندین جەنگ بەشداربووە سەرکەوتنێکی زۆری بە دەست هێناوە، لەو جەنگانەی کە بەرامبەر فارس ئەخمینیەکان کە لە شەری گۆگەمیللا بەرامبەر دارای سێیەم سەرکەوت توانی هەموو ئیمپراتۆریەتەکەی داگیر بکات، لە ئەنجامی ئەو داگیرکارییە توانی شارستانیەتی ئەوروپای تێکەل بە شارستانیەتی رۆژهەلات کرد، توانی شارستانیەتی هیلنستی دروستبکات، کۆمەڵێ شاری گەورەی دروست کرد یەک لەوشارانەی (ئەسکەندەریە) لە میسر. بۆیە سەرکەوتنەکانی بەهەموو جیهان بڵاوبۆوە ئەمە وای کرد لە زۆربەی چیرۆک ئەفسانەکانی جیهان رەنگی دەداوە وەکو کەساییەتیەکی بەهێز وێنایان دەکرد (لمپ، ٢٠١٣، ٧_٢٨).

لە نێو ئایینی یارسان سوڵتان مەزنترین ڕۆحە کە هەڵگری زاتی نوری یەزدانیە کە لە دەورەیەکدا دۆنی ئەسکەندەری مەکدۆنیە، بە ئەسکەندەری زولقرنین بەناوە، لە کتێبەکەی کۆچی یاری هەردەوێل کاکەیی باسی ئەو ئەفسانەی زولقرنین دەکات کە دوو کۆپانە مووی رەق لە شێوەی شاخ لەسەری رواوە بۆیە ناویان ناوە زلقرنین، لەم کتێبە بە درێژی ئاماژەی پێوە دەکات. کە باس لە هێزی ئەسکەندەر دەکان ، بە پێی کەلام و کۆچی یاری ئاماژە بە هێزی ئەسکەندەر دەکەن کە خودا هەموو جیهانی خستۆتە ژێر رکێفی تۆوە بە یارمەتی فریشتەکان، لە کەلامی کاکە عابدین ، باسی لە

هێرشەکەی ئەسکەندەری گەورە دەکات دەفەرمێ:

هاتۆتە فیکرم وەختی ئەسکەندەر
سوپات دەکێشا بۆ سەر بەحر و بەڕ

واتا : وەختی ئەسکەندەرم هاتۆتە یاد، بە سوپاوە هێرشت دەکردە سەر هەموو دەریا و ووشکانیەک.

لە کەلامی پیر تەیار لە بارگە بارگەی ٧٢ ئاماژە بە دۆنی ئەسکەندەری مەکدۆنی دەکات:

ئەو یانەی دارا...........
بارگەی شام وستەن ئەو یانەی دارا
زیا وە ئەسکەندەر جامەش جان ئارا
خەرجش سەن نە قاف کەش و کۆی خارا
نە کورەی ئافتاب چوار قورنەی سارا
چە گەشت بەحر و بەڕ حوکمش یارا

بە کورتیەکەی واتە : شام مەبەستی لێرە سوڵتانە لە ماڵی دارا باروبارۆسخانەی خست و خۆی بە دڵ و بە گیان لە بەرگی ئەسکەندەر شادا ئاشکرا کرد، هەموو جیهانی داگیر کرد.(کاکەیی.٢٠٠٢، ٤٣٨).

**ئەنجام:**

لەم توێژینەوەیە چەندان ئامانج بە دیهات لە ڕێگای خوێندنەوە و ڕاڤەکاری تێکستە پیرۆزەکانی ئایینی یارسان دەربارەی دۆنای دۆن و پێگە و ڕۆڵی ڕۆحە مەزنە پیرۆزەکان لە ناو ئایینی یارسان و لە دەورەی تر (لە دەرەوەی ئایینی یارسان) و ئاینەکانی تردا.

١. لە ئایینی یارسان (کاکەیی) جەستەی پیرۆز هەیە، ئەم پیرۆزییە پەیوەستە بە ویست و هەڵبژاردەی خاوەندکارەوە، کە چ قالبێک هەڵدەبژێرێت بۆ دەرکەوتن.

٢. لە دیدی ئایینی یارسان، ئەو جەستەییەی کە میوانداری زاتی هەق دەکات، بە جەستەیەکی پیرۆز دادەنرێت و قبوڵدەکرێت.

٣. دۆنای دۆن لە ئایینی یارسان(کاکەیی) دا، کلیل و گەوهەری فەلسەفە و باوەری ئایینەکەیە، واتا لە ناوەڕۆکی چتێکستە پیرۆزەکانی ئایینی یارسان چەندان جار ئاماژەی پێکراوە. دۆنای دۆن ڕێگای ڕاستەقینەی مرۆڤە بۆ گەیشتن بە کەماڵ (پێگەیشتن).

٤. لە ڕێگای دنیابینین و فەلسەفەی دۆنای دۆندا لە ئایینی یارسان، چەندان دۆن و ڕۆحی مەزن هەن لە ڕێگای دۆنای دۆنەوە بە درێژایی مێژوو ( لە سەردەم و نەتەوە و سەرزەمینە جیاجیاکان)دا، بە ڕۆحی مەزن وپیرۆز ناسراون (قبوڵکراون) لە نێو ئایینی یارساندا وە بە هی خۆیان دەزانن. کە بەشێک لەم ڕۆحە پیرۆزانە لە شوێن و سەردەمی خۆیاندا کەساییەتی ناودار و دەسەڵاتدار و خاوەن پێگەی تایبەتی خۆیان بوونە، کە لە دیدی ئایینی یارسانەوە بە شێوازی خۆیان خزمەتی مرۆڤایەتییان کردووە.

٥. ئایینی یارسان لە گەوهەردا بڕوای بە فرە ڕەنگی و لێبوردەییە، لە ڕێگای فەلسەفەی دۆنای دۆنەوە دەپەڕێتەوە دەرەوەی سنوری ئایینی یارسان و جوگرافیای کوردستان، ڕۆحە مەزنەکان بەهی خۆی دەزانێ ئەگەر چی هەندێکیان بڕواداری ئایینی تر بوونە، بیرمەندی مەزن بوونە، کەساییەتی سەرکردەی ناوداری جیهانی بوونە...هتد).

## سەرچاوەکان:


١. ئیزەدی، میهراد(٢٠٠٢)، ئاین و تایفە ئایینیەکان لە کوردستان، وەرگێرانی کامەران فەهمی ، سلێمانی.

٢. بورەگەیی، سەدیق(٢٠٠١)، کاکەیی و ڕێ و ڕەچەیان، سلێمانی.

٣. تاهیری، تەیب(٢٠٠٩)، تاریخ و فەلسەفەی سەرەنجام، چاپخانەی ڕۆژهەلات.

٤. تاهیری، تەیب(٢٠٠٧)، سەرەنجام: کتێبی ئایینی پیرۆزی یارسان.

٥. ڕۆستەم ،ئەیوب، یارسان لێکۆلینەوەیەکی مێژویی_ دینیە، مەلبەندی ڕۆشنبیری هەورەمان.

٦. جەلیل عەباس(٢٠١٨)، ڕۆژنامەی باس ، هەولێر.

٧. حبیب الله، نیهاد جلال(٢٠٢٠) ، پێغەمبەر موسا و پێوەرە عەقلیەکانی، کتێبخانە گشتیەکانی هەرێمی کوردستان.

٨. ستراتێرن ، پۆل(٢٠١٠)، ساتێک لەگەڵ ئەفلاتون، وەرگێرانی، عەلی ئەکبەر مەجیدی، چاپی یەکەم سلێمان،.

٩. ستراتیرن پۆل (٢٠١٠)، ساتێک لەگەڵ ئەرستۆ، وەرگێرانی، موسعەب ئەدهەم، سلێمانی، چاپی یەکەم.

١٠.گۆدەرزی، سیاوەش (٢٠١٢)، شانامەی کوردی داستانی ڕۆستەم و زۆراب، دەزگای ئاراس هەولێر.

١١.صدیق بورەگەیی (سەفی زادە) (٢٠٠٨)، مێژووی ویژەیی کوردی، بەرگی دووەم، هەولێر.

١٢.صلابي، دکتۆر علی محمد محمد (٢٠٠٩)، ژیاننامەی پێغەمبەران، وەرگێران حسان بورهالدین، هەولێر.

١٣.الصلابي، دعلي محمد(٢٠٠٨)، حوسێنی کوری عەلی خوداری لێرازی بێت، وەرگێرانی عبدالله فازڵ گەرمیانی، بیروت.

١٤. قەرەداغی، هێمن بهاالدین، حسن، دانا عثمان (١٩٩٩)، ژیانی عیسا، وەزارەتی ڕۆشنبیری.

١٥.کاکەیی، هەردەوێل(٢٠١٥)، ڕەفعەت:دیوانی حاجی نیعمەت، کەرکوک.

١٦.لمپ، هارۆڵت(٢٠١٣)، ئەسکەندەری مەکدۆنی، وەرگێرانی عەلی ئەکبەر مەجیدی، چاپی سێیەم، سلێمانی.

١٧. مینورسکی، ڤلادیمیر(٢٠٠٦)، مینۆرسکی و کورد، ئەنوەری سوڵتانی، دەزگای موکریان هەولێر.
١٨.میراند. رشاد(٢٠١٧)، رەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستان ، چاپخانەی رۆژهەلات .
١٩.کاکەیی، هەردەوێل (٢٠١٣)، کۆچی یاری.
٢٠. هەورامی، نامق(٢٠١٣)، هەورامی زمانی ئایینی کاکەیی، سلێمانی.

## سەرچاوە بیانیەکان

١. طبيبي(١٣٥١)، منشا اجتماعی معتقدات کردان اهل حق،مجله برسیهای تاریخی، شماره، (٥) ، سال سوم.
٢. بهجت، احمد(١٩٨٨)، فرعون و الطغيان السياسی، لبنان ، بيروت.
٣. تذكره اعلی، ناشناس(١٩٥٠)، مجموعة رسائل و شعائر اهل الحق، و.ايوانوف، انتشارات انجمن اسماعيلی، بمبی.
٤. جيحون ابادی، نعمت الله(١٣١٧)، شهنامه حقيقت ، تهران.
٥. خفاجي، دكتور محمد عبدامنعم (٢٠٠٦)، ديوان الامام علی، مكتبة كليات الازهرية.
٦. سەفیزادە، سدیق(١٣٦١)، نوشتەهای پەراگەندە دەربارەی یارسان(أهل حق)، تەهران.
٧. لجنه التحرير فی طريق الحق(١٢٠٩هـ ق)، سيدة النساء، مؤسسه فی طريق الحق، سلمان فارسي.

## ملخص البحث

## دونادون من الارواح و العضيمة والمقدسة
## فى ديانة يارسان (كاكائية)

يدور هذا البحث حول ارواح المقدسة العظيمة في ديانة يارسان والتعرف عليها من خلال كلماتهم اليارسانية ونصوصهم المقدسة وفلسفة (دونا دون). فلسفة دونا دونا هي جوهر ديانة يارسان (نقل ارواح من شكل الى الاخر او تداول روح بشرية جول) بعدة استندت ديانات الشرقية القديمة قبل الاسلام من شكل إلى آخر أو تداول الروح البشرية) والفلسفات قبل الإسلام، كانت قائمة على دونادون، مثل (ميثرا والزرادشتية والزرڤانية ، البوذية واليارسانية ... إلخ)

وفقا لفلسفة ديانة اليارسانية، فهم يتعرفون على الأرواح العظيمة، يعتبرونها مقدسة بنسبة لهم. ومع ذلک ، كان لبعض الأرواح العظيمة والمقدسة لديهم، لأدوار ومواقع خارج جغرافية كردستان وديانة يارسان.

لقد وردنا في هذه الدراسة عدة أمثلة على الأرواح العظيمة والمقدسة والمعروفة لديانة يارسان ، والتي ورد ذكرها في نصوص الكتاب المقدس اليارسان (سرنجام). وفقا لتفسير النصوص المقدسة، سوف نتعرف على الدون ونقارنهم باالادوار والموقع الذي كان لديهم في عصرهم اى فى (دون وفترات أخرى) ، والتي تقع خارج جغرافية كردستان وديانة يارسان.

**الكلمات الدالة:** (دونا دون ، أرواح عظيمة ، ديانة يارسان ، فترة)

## Abstract

### Metempsychosis of the great and holy spirits in the yarsan religion

This research revolves around the great holy spirits in the Yarsan religion and getting to know them through their Yarsani words, their sacred texts, and the philosophy of (Metempsychosis). The philosophy of Metempsychosis is the essence of the Yarsan religion (transferring souls from one form to another or circulation of the human soul) Dona Dona is the beginning and foundation of most religions and philosophies before Islam, it was based on Metempsychosis, such as Mithra, Zoroastrianism, Buddhism ... etc.)

According to the philosophy of the Yarsan religion, they recognize great spirits and consider them sacred. However, some of the great and holy spirits had roles and locations outside the geography of Kurdistan and the religion of Yarsan.

In this study, we have taken several examples of the great, sacred and well-known spirits of the Yarsan religion, which are mentioned in the sacred epilogue texts. According to the interpretation of the sacred texts, we will finally get to know the Metempsychosis and compare them with the role and position they had in their era (Metempsychosis and other periods), which is outside the geography of Kurdistan and the religion of Yarisan.


**Keywords**: (Metempsychosis, Great Souls, Religion Yarsan, Leader, Period)